گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 4 2024
ID No. 1882 (PP 198-217)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.11

توێژینەوە

# کاریگەری دابەشبوونی سیاسی دەوڵەتی عێراق لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی ئێران(توێژینەوەیەکی شیکارییە لە روانگەی میتۆدی سیناریۆسازی)

**جلیل عباس نادر/** بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی،کۆلێژی زانستە سیاسییەکان،زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

تاوتوێکردنی کێشە ئەمنییەکان و فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان هەموو سەرنجی دەسەڵاتداران و ستراتیجیستەکانی هەر سیستەمێکی سیاسی بۆ لای خۆی راکێشاوە لە بەر ئەوەی ئاسایشینەتەوەیی مەرجی یەکەم و گرنگترین مەرجە بۆ پاراستن,مانەوە و پێشکەوتنی هەر وڵاتێک. روون و ئاشکرایە کە هەرەشەکانی قەومی, نەژادی, مەزهەبی و هتد چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە دەتوان ئاسایشی نەتەوەیی وڵات بخەنە مەترسییەوە.

لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاکوساڵی(٢٠٢٣ ) عێراق یەکێک لە وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە کە توشی زۆرترین ململانێ بووەتەوە. لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە عێراق زۆرترین لێکچونی سیاسی, مەزهەبی, قەومی,وزە و جوگرافیایی لەگەڵ ئێران هەیە, لەبەر ئەمە هەر گۆڕانکارییەک لە سیستەمی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی عێراق بۆ ئێران گرینگیەکی تایبەتی هەیە چونکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران درووست دەکات .

لەعێراقی پاش سەدام لە لایەک کەلێنە ناوخۆییەکان, ململانێ سیاسی و ئەمنییەکان و کاریگەری ئەکتەرە دەرەکییەکان لە سەر عێراق زیادیانکردووە و لەلایەکی دیکەوە بەڕیوەچوونی ریفراندۆمی ٢٠١٧ ی هەرێمی کوردستان بارودۆخێکیان دروست کرد تا ئایندەی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی عێراق رووبەڕووی گومان و پرسیار بێتەوە. لەبەر ئەم بارودۆخە کە ئاماژەی پێدرا مەبەستی ئەم توێژینەوە ئەمەیە لە چوارچێوەی میتۆدی ئایندەناسی و شێوازی سیناریۆسازی کاریگەرییەکانی دابەشبوونی عێراق لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی ئێران بخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

CORSPONDANCE
جلیل عباس نادر
jalil.nader@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/03/18
پەسندکردن 2024/05/28
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئایندەناسی,
سیناریۆسازی,
دابەشبوونی عێراق,
ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی ئێران.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

عێراق بە درێژایی مێژوو سەبارەت بە یەکگرتوویی نەتەوەیی و دروستبوونی شوناس و ناسنامەی نیشتمانی کێشەی هەبووە و پاش داڕمانی "ڕژێمی بەعس"یش ئەم وڵاتە پێی خستە نێو قوناغێکی گوزار و پێدەچێت تا گەییشتن بە سەقامگیری مەودایەکی زۆری لە پێش بێت؛ چونکە سەرەڕای هەندێک ئومێد و دڵخۆشی بۆ ئەوەی عێراقی پاش سەددام وردە وردە ببێتە وڵاتێکی سەقامگیر و بەهێز بەڵام ئەم وڵاتە پاش ٢٠٠٣ ڕووبەڕووی پانتایەکی فراوانی ئاڵۆزی و قەیران بوویەوە.

هەر چەندە لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق هەوڵ دراوە کە عێراقی نوێ لە سەر بنەمای فیدراڵیزم و دیموکراسی پەرلەمانی بونیات بنرێت بەڵام بە کردەوە، ململانێ جۆراوجۆرەکان بوونەتە هۆی خستنەڕووی چەندین دید و ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە بەردەوامی، کارامەیی و داهاتووی سیستەمی سیاسی عێراق. تایبەتمەندی دیاری عێراق پاش داڕمانی ڕژێمی بەعس، بەرجەستەبوون و بەدیارکەوتنی گرژی و ئاڵۆزییە قەومی و مەزهەبییەکانە کە بووەتە هۆی تێکهەڵچوونی سیاسی و توندوتیژانەلە نێوان کورد و عەرەب لە لایەک و شیعە و سوننە لە لایەکی دیکەوە. ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤی لە ڕووی ناوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی لە سەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری، ئەمنی و کۆمەڵایەتی عێراق بەجێهێشتووە.

ململانێ و هەڕەشە جۆراوجۆرەکان لە عێراقی پاش سەددام وەکو توندڕۆیی و تیرۆریزم، بەهێزبوونی ویستی جیابوونەوەی کورد، بەهێزبوونی لامەرکەزی لای عەرەبی سوننە و چەندین ململانێی سیاسی، ئەمنی و ئابووری ئایندەی سیستەمی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی عێراقیان تووشی پرسیار و گومان کردووەتەوە. هەندێک لە چاودێران پێیان وایە کە ئەم بارودۆخە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق بۆ سێ ناوچەی شیعەنشین لە باشور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، کوردنشین لە باکوری عێراق و سوننەنشین لە سەنتەری عێراق.

عێراق تەنها وڵاتی عەرەبیە کە لە گەڵ ئێران سنوری زەمینی هەیە و درێژترین سنوری ئێران لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ تایبەتە بە عێراق. هەروەها عێراق لە نێو وڵاتانی دراوسێ زۆرترین هاوبەشی لە گەڵ ئێران هەیە لە بەر ئەمە جیۆپۆلیتیک و پێکهاتەی سیاسی عێراق توشی هەر چارەنووسێک ببێت بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگە؛ چونکە ئاسەواری هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و جوگرافیایی لەم وڵاتە بە شێوەیەکی جددی هەڕەشەیە بۆ سەر جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلیتیکی ئێران و کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران درووست دەکات کەواتا لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق هەڕەشە لە سەر پێکهاتەی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی ئێران درووست دەبێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تاوتوێکردنی ئەم بابەتەیە کە ئەگەر عێراق لە داهاتوو بۆ سەر چەند وڵاتێک دابەش بکرێت بە چ شێوەیەک کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی ئێران درووست دەکات و هەروەها ئامانجێکی دیکە ئەمەیە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە تا ڕادەیەک بۆشایی زانستی لە سەر بابەتی توێژینەوەکە پڕ بکرێتەوە و ئەم توێژینەوە سەرەتا و سەرچاوەیەک بێت بۆ ئەو توێژەرانەی لە داهاتوو لە سەر ئەم بابەتە یان بابەتە هاوشێوەکان لێکۆڵینەوە دەکەن.

توێژینەوەکانی پێشوو

مسعود اسلامی، ابراهیم کوهی و محمد زمان راستگو لە ساڵی ٢٠١٤ لە وەرزنامەی " مطالعات سیاسی جهان اسلام"

لە توێژینەوەیەک باسی ململانێکانی دابەشبوونی عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دراوسێکانی عێراق دەکەن. ئەوان ئەم پرسیارەیان خستووەتە ڕوو کە ئایا کێبرکێ ناوخۆیەکانی عێراق یەکپارچەیی ئەم وڵاتە دەخاتە مەترسی و لە کۆتاییدا دەگەنە ئەم دەرەنجامە کە دابەشبوونی عێراق بەرژەوەندی ئەمریکا و وڵاتانی دراوسێی عێراق دەخاتە مەترسییەوە لە بەر ئەمە ئەم وڵاتانە ڕێگە بە دابەشبوونی عێراق نادەن؛ کەواتا پاراستنی یەکپارچەیی عێراق لە گەڵ بەرژەوەندی لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەگونجێت لە کاتێکدا سیناریۆی دابەشبوونی عێراق سیناریۆیەکی بەهێز نیە.

جاوید منتظران و سعید قربانی لە ساڵی (2017) لە گۆڤاری "سیاست دفاعی" لە توێژینەوەکەیان جەختیان لە سەر قەیرانە ناوخۆیەکان و گۆڕانکاریە جیۆپۆلیتیکیەکانی عێراق و داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کردووەتەوە و باسی ئەوە دەکەن کە چ پەیوەندییەک لە نێوان ئاسایشی نەتەوەیی لە گەڵ جیۆپۆلیتیک و یەکپارچەیی هەیە؟ هەروەها عێراق چ پێگەیەکی لە پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هەیە و ڕوانگەی لایەنە سیاسی وقەومییەکانی عێراق سەبارەت بە یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتە چیە؟

هەروەها ئەم دوو نووسەرە لە هەمان ساڵ لە گۆڤاری "مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی"توێژینەوەیەکی دیکەیان سەبارەت بە سیناریۆکانی داهاتووی عێراق و شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی لە ڕووی یاسایی، نێودەوڵەتی و ئاسایشی لەسەر ئێران بڵاوکردووەتەوە و باوەڕیان وایە کە سیناریۆکانی داهاتوو بریتی دەبن لە: دابەشکردنی ئاشتیانە، دادپەروەرانە و دیموکراتیکی هێز لە عێراقواتا سیناریۆی عێراقی دیموکراتیک؛ دووەم: سیناریۆی عێراقی بەهێز و یوکگرتوو؛ سێیەم: سیناریۆی عێراقی گیرۆدەی جەنگی

ناوخۆیی و چوارەم: سیناریۆی دابەشبوونی عێراق کە لەم چوار سناریۆیە سیناریۆی یەکەم واتا عێراقی دیموکراتیک بۆ ئێران باشترین سیناریۆیە.

محمد زمان راستگو  لە ساڵی (2019) لە وەرزنامەی "دو فصلنامه علمی تخصصی" لە توێژینەوەیەک باس لە عێراقی یەکپارچە و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دەکات. لەم توێژینەوەیە ئەم پرسیارە خاوەتە روو کە داهاتووی عێراق چۆن کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران درووست دەکات؟ ناوبراو دەگاتە ئەم دەرەنجامەی لە ئەگەری زاڵبوونی قەومیەت و عەرەبگەرایی بە سەر عێراق ئەم وڵاتە وەکو پێش ساڵی ٢٠٠٣دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.

ملک تاج خسروی و احسان خسبانی یزدانی لە ساڵی (2019) لە وەرزنامەی "مطالعات روابط بین الملل" توێژینەوەکەیان سەبارەت بە داهاتووی عێراق و سیناریۆکانی داهاتووی ئەم وڵاتە نووسیوە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە باسکردنی داهاتووی عێراقە بە جەخت کردنەوە لە سەر بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق؛ هەروەها کاریگەری ئەکتەرە ناوخۆیی, هەرێمی و سەروو‌ناوچەیەکان لە سەر بارودۆخی ئەم وڵاتە, پێشبینی داهاتوو و دابەشبوونی ئەم وڵاتە و لە کۆتاییدا سێ سیناریۆ دەخەنە روو: سیناریۆی دابەشبوونی عێراق, سیناریۆی شەڕی ناوخۆ لە عێراق, سیناریۆی دابەشکردنی هێز بە شێویەکی دیموکراتیک.

جمال بوداقی, محسن خلیلی و اکبر حیدری لە ساڵی (٢٠٢١) لە وەرزنامەی "ژئوپلتیک" بە جەخت کردنەوە لە سەر ئەوەی کە ئەزموونی سیستەمی فیدراڵی لە دوای ٢٠٠٣ تا ئێستا(٢٠٢١) سەرکەوتوو نەبووە لەبەر ئەمە تاساڵی ٢٠٣٠ دوو سیناریۆ لە بەردەم سیستەمی سیاسی عێراقدایە: یەکەم: بەهێزبوونی ویستی سەربەخۆیی لە عێراق و دابەشبوونی ئەم وڵاتە دووەم: بەردەوامبوونی بارودۆخی ئێستا واتا بەردەوامی ناتەبایی و لاوازی.

جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لە گەڵ ئەوانەی پێشوو ئەوەیە کە لە چوارچێوەی میتۆدی ئایندەناسی و سیناریۆسازی باسی ئەو کاریگەریانە دەکات کەدابەشبوونی عێراق دەتوانێت لە سەر ئاسایشی ناوخۆی نەتەوەیی ئێران درووستی بکات و لە دەرەنجامدا ببێتە یەکێک لە هەڕەشە سەرەکییەکان لە سەر سەقامگیری سیاسی, یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی گۆماری ئیسلامی ئێران.

## میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوە هەوڵ دراوە لە ڕێگەی میتۆدی ئایندەناسی و شێوازی سیناریۆسازی مەترسییەکانی دابەشبوونی عێراق بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی ئێران بخرێتە روو و میتۆدەکانی مێژوویی, وەسفی و شیکاری بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە بەکار هاتووە.  توێژەر لە کۆکردنەوەی زانیاریەکان بە پێی بابەتی توێژینەوەکەی پشت بە شێوازەکانی کتێبخانەیی, مەیدانی یان تێکەڵکردنی هەر دوو شێواز دەبەستێت, زانیارییەکانی ئەم توێژینەوە بە شێوازی کتێبخانەیی کۆکراونەتەوە, واتا پشت بەستراوە بە کتێب و گۆڤار.

## پرسیاری توێژینەوە

کاریگەرییەکانی دابەشبوونی عێراق لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران چی دەبێت؟

گریمانەی توێژینەوە

دابەشبوونی عێراق لە چەند رەهەندێکەوە کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکات واتا لە رەهەندەکانی جوگرافیایی و قەومی, بەهێزبوونی وڵاتانی رکابەری ئێران لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و بەهێزبوونی لایەنە نەیارەکانی ئێران.

## ١-چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

خوێندنەوەی ئایندە (futures studies) یان ئایندەناسی بەشێکی ئاکادمی سەربەخۆیە کە بە شێوەیەکی رێکوپێک و شێوازمەند خوێندنەوە بۆ ئایندە دەکات و چەند وێنەیەکی ئایندەمان پیشان دەدات تا لە ئێستادا بتوانین بە پێی ئەو وێنانە باشترین و کارامەترین بڕیار بۆ داهاتوو بدەین. (آهنی و دیگران : ٢٠١٨, ٧٦). ئەم بەشە بە چەند ناوێک دەناسرێتەوە وەکو خوێندنەوەی ئایندە , قەلەمڕەوی ئایندە , لێکۆڵینەوە لە داهاتوو و ئایندە ناسی. بە پسپۆڕانی ئەم بوارەش دەڵێن: توێژەر یان لێکۆڵەری ئایندە.(گواهی: ٢٠١٧ , ١٦).  ئامانجی ئایندەناسی لابردنی تەمومژ لە سەر داهاتوو , رەخساندن و دروستکردنی وێنەیەکی باشتر لە داهاتوو و زیادکردنی کۆنترۆڵی مرۆڤ لە سەر داهاتووە. (یاورزاده و آذری یکتا : 2015 , ٢). بە وتەیەکی دیکە ئایندەناسی زانست و مەعریفەی وێناکردن و شکڵ پێدان بە داهاتووە بە شێوەیەکی وشیارانە , چالاکانە و دەست پێشخەرانە کە بەرچاوی هەموان لەسەر رووداو, دەرفەت و مەترسییەکانی داهاتوو روون دەکاتەوە و ئاڵۆزی و گومان و نیگەرانییەکانیش کەم دەکاتەوە و توانای هەڵبژاردنێکی وشیارانە بۆ کۆمەڵگا و خەڵک دەرەخسێنێت و هەموان دەزانن کە بەرەو چ داهاتوویەک هەنگاو دەنێن.(حسن عالی : ٢٠١٦, ٤).

یەکێک لە شێوازەکانی ئایندەناسی، میتۆدی سیناریۆسازییە، لە راستیدا سیناریۆسازی ئەوەندە لە گەڵ ئامانجەکانی ئایندەناسی هاوتا و نزیکە کە بەگرینگترین کەرەستە و ئامرازی ئایندەناسی هەژمار دەکرێت، هەروەها سیناریۆسازی بە بەرفراوانترین ئامرازی میتۆدۆلۆژی لە نێوان توێژەر و لێکۆڵەرانی ئاینده ناسی دەژمیردرێت.(جاویدی و بهروزی لک : ٢٠١٧ , ٦).

وشەی سیناریۆ ( scenario)چەمکێکی ئاڵۆزە و هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکراوە کە یەکدەنگی لە سەر بێت و زانایان بە پێی ئەو بوارەی کە ئیشی تێدا دەکەن پێناسەی جۆراوجۆریان بۆی کردووە. مێژووی بەکارهێنانی چەمکی سیناریۆ بۆ دەیەی ١٩٤٠ی زایینی دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمە ئەم چەمکە لە گفتوگۆ و گوتارە سیاسییەکان زۆر بەکار دەهات بەڵام هێشتا بە شێوەیەکی سیستماتیک نەیاندەناسی . ئەم چەمکە لە بەشی "هونەر" وەرگیراوە و بە مانا نوێیەکەی یەکەم جار پاش جەنگی دووەمی جیهانی وەکو شێوازێک بۆ پلاندانانی سەربازی و شیکردنەوەی ئاسایش بەدەرکەوت.(محروق و خوشکار, ٢٠١٥ : ٥-٤).

بەکارهێنانی چەکی ناوەکی وەکو چەکێکی نوێی و بەهێز و کۆتایی هاتنی لە ناکاوی جەنگی دووەمی جیهانی بارودۆخێکی چاوەڕواننەکراو بوو. پاش ئەمە پرسیارێکی نوێ لە مێشکی بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکا وەکو وڵاتێکی نوێی و بەهێز درووست بوو کە بارودۆخی پاش جەنگ چۆن دەبێت یان جەنگی پاشتر بە چ شێوەیەک دەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە "دامەزراوەی رەند Rand Institute " لە ساڵی ١٩٤٥ لە لایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکا بانگهێشتی بەشێک لە بیرمەندانی ئەو سەردەمەی کرد لەوانە هێرمەن کان ( Herman Kahn ) کە زانایەکی بواری فیزیا بوو و بەرپرسی دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە بوو. کان خەملاندنی بۆ چەندین بارودۆخی جۆراوجۆر کرد و لە بەر ئەوەی دامەزراوەی رەند لە نزیک هۆلیوود Hollywood بوو و کان رۆژانە لە کەنار کۆمەڵگەی گەورەی بەرهەمهێنانی فیلمی هۆلیوود تێدەپەڕی هەر کام لەو بارودۆخانە کە خەملاندی بۆ کردبوو؛ ناوی لێنا " سیناریۆ". پاش ماوەیەک کان ئەم دەرەنجامەی خستە روو کە: "جەنگی ناوەکی وەکو جەنگەکانی دیکە براوەی دەبێت" واتا هەڵگیرسانی جەنگی ناوەکی بە مانای کۆتایی جەنگ نیە و دەکرێت لە جەنگێکی لەم شێوەیە سەرکوتوو بین؛ لە کۆتاییدا دەبێت بۆ پاش جەنگێکی لەم شێوەیە بیر لە رێگە چارە و پلانی گونجاو بکرێتەوە. هێرمەن کان لە ساڵی ١٩٦١ "دامەزراوەی هادسۆن" ی Hudson Institute دامەزراند و کەسانێکی زۆری بۆ هاوکاریکردن بانگهێشت کرد. ئەم کۆمەڵە هەوڵێکی زۆریان دا تا لە رێگەی نووسین و دارشتنی سیناریۆکان بە شێوەیەکی زانستی و بە پێی رێسا تایبەت و دیاریکراوەکان سیناریۆسازی بکەن. دامەزراوەی هادسۆن لە یەکێک لە یەکەمین دەستکەوتەکانی لە رێگەی سیناریۆسازی، جیهانی چل ساڵی داهاتووی واتا تا ساڵی ٢٠٠٠ی وێنا کرد.(حاجیانی و قصاع, ٢٠١٣: ٤٤-٤٣).


لە راستیدا هێرمەن کان یەکەمین کەس بوو کە چەمکی سیناریۆی لە بواری شیکردنەوەی سیاسەت و ئاینده ناسی بەکارهێنا . ئەو لە دەیەی ١٩٥٠ چەمکی سیناریۆی لە پلانە ستراتیژی و سەربازییەکانی دامەزراوەی بە ناوبانگی رەند بەکارهێنا. پاش ماوەیەک کۆمپانیای نەوتی "رۆیاڵ داچ شێل"( Royal Dutch Shell ) بە بەکارهێنانی میتۆدی سیناریۆسازی توانی ناجێگیری نرخی نەوت و قەیرانی نەوتی ١٩٧٣ و هەروەها گۆڕانکارییەکانی پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت پێشبینی بکات و بۆ ئەم کێشە و گرفتانە سیناریۆی چوونە دەرەوە لە قەیران دابڕێژێت. بەم شێوازە کۆمپانیای شێل توانی لە بچوکترین ئەندامی"حەوت خۆشکی نەوتی" ( Seven Sisters) ببێتە یەکێک لە گەورەترین ئەندامەکانی. لە چوار دەیەی رابردوو کەرتە حکومی و تایبەتەکانی سەرانسەری جیهان بە کەڵک وەرگرتن لەم میتۆدە رووبەڕووی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی داهاتوو بوونەتەوە و پلانیان بۆیان داناوە.(جاویدی و بهروزی لک : ٢٠١٧ , ٧ – ٦). بەکارهێنانی زیاتری ئەم میتۆدە بۆ لەبەر چاو گرتنی گرژی و ئاڵۆزیە راستەقینەکانی داهاتووی جیهان و خستنەرووی بۆچوون و روانگە جێگرەوەکان و شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی لۆژیکی لە لایەن ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە.( زالی : ٢٠١١, ٣٦).

میتۆدی سیناریۆسازی یەکێک لە سەرەکیترین شێوازەکانە بۆ ناسینی ئاینده و بڕیاردان بە شێوەیەکی باشتر بەرامبەر ئەو ئەگەرانە لە داهاتو دێنە پێش. لەم میتۆدە فاکتەرە سەرەکی و گرینگەکان وەکو فاکتەری سیاسی، پێکهاتەی ئابوری، وەگۆرخستنی زانیارییەکان، گۆڕینی کلتور و هتد لە بەرچاو دەگیرێن.(یاورزاده و آذری یکتا : ٢٠١٥ , ٣). ئەگەر لە کاتی داڕشتنی سیناریۆ بە باشی بیر لە داڕشتن و دانانی سیناریۆکان بکرێت ئەو کات هیچ گرینگ نیە کە لە داهاتوو چی روو دەدات، چونکە دەوڵەت، رێکخراو و کۆمپانیاکان بە باشی خۆیان بۆ روودانی هەر ئەگەر و رووداوێک ئامادە کردووە و دەتوانن کاریگەری لە سەر رێڕەوی ئەو رووداوانە درووست بکەن کە لە داهاتوو روو دەدەن، کە واتا بە یارمەتی سیناریۆکان ئەو رووداوانەی کە لە داهاتوو ئەگەری هەیە ببنە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەوڵەت، رێکخراو و ئیش و کارەکان دەکەونە بەر سەنتەری سەرنج وگرنگی پێدانی دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەرەکان.(آهنی و دیگران : ٢٠١٨ , ٧٦).

## 2. پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئایندەناسی

لە شیکردنەوەی نێوان سیاسەت و ئایندەناسی سێ روانگە هەیە: روانگەی یەکەم لێکۆڵینەوە لە ئایندە لە چوارچێوەی سیاسەتە کە چەند بەشێک وەکو گەشەپێدانی سیاسی، سیاسەتی دەرەوە، جیهانی ئیسلام و هتد لە خۆدەگرێت کە وەکو یەکێک لە بنەما گرنگەکان بۆ نیشاندان و وێنەی داهاتوو دەتوانن بابەتی چالاکییەکانی ئایندەناسی بن. روانگەی دووەم ئایندە لە روانگەی زانستی سیاسەتە؛ لەم بارەیە سەرچاوەی جۆراوجۆر لە قەڵەمڕەوی خوێندنەوە بۆ سیاسەت هەیە کە بەشێکی بەرچاویان تایبەتن بە بابەتەکانی حکومەت، هێزی سیاسی، بەشداری کردن و جیۆپۆلیتیکی ئایندەی جیهان. روانگەی سێیەم ئایندەناسی سیاسییە؛ ئەمە بەشێکە لە لێکۆڵینەوە لە داهاتوو کە سیاسەت بە زانستی پەیوەست و گرێدراو بە داهاتوو دەزانێت و باوەڕی وایە کە سیاسەتی ئەمڕۆ و دوێنێ لە راستیدا داواکارییەکانی سبەی و داهاتوویەکە کە لە ئەمڕۆ دەکرێت درووست بکرێن. (عیوضی: ٢٠١٦, ١٧٧).

لە رێگەی ئەم خشتەیەی خوارەوە گرنگترین ئامانجەکان ئایندە ناسی سیاسی دەخەینە روو:




خشتەی ژمارە یەک: ئامانجەکانی ئایندەناسی سیاسی (عیوضی: 2016, 181)

## ٣. بوارەکانی رێخۆشکەر بۆ دابەشبوونی عێراق

لە نێوان ئەو بگۆڕانەی کە کاریگەریان لە سەر ئاسایشی عێراق درووست کردووە بێجگە لە فاکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان چەند فاکتەرێکی ناوخۆیی رۆڵی سەرەکی و بەرچاویان هەبووە وەکو: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کلتوری، پێشینە و بیرەوەریە مێژووییەکان، فاکتەرە سیاسی و ئابووریەکان و پێکهاتە و توانای سەربازی و ئاسایشی دەوڵەتی عێراق.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عێراق لە ساتەوەختی درووستبوونی ئەم وڵاتە لە سەر بنەمای کەلێنە جۆراوجۆرە قەومی، گرووپی و مەزهەبییەکان بووە، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەت سیستمی بەعسی بۆ پێناسە کردن و درووستکردنی شوناسێکی یەکگرتووی عێراقی بەڵام ئەم کێشەیە لە سەردەم و کاتە جیاوازەکان سەر لە نوێ هەڵیداوەتەوە . سیاسەت کردن لە سەر بنەمای شوناسی قەومی و مەزهەبی و لە دەرەنجامدا لاوازبوونی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی عێراقی نوێیە کە ئەمە کاریگەری بەرچاو و گەورەی لە سەر گۆڕەپانی ئاسایش لەم وڵاتە داناوە. هەر چەندە ئەم جۆرە لە سیاسەتکردنە تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەت لە سەردەمی پێش ئازادسازی عێراقیش بووە بەڵام گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نوێیەکانی سەردەمی پاش ٢٠٠٣ ئەم بابەتەیان تۆختر ، توندتر و بەهێزتر کرد و لە کۆتاییدا بوونە هۆی لاوازبوونی ئاسایش لەم وڵاتە.(ئیسلامی و ئەوانی دیکە : ٢٠١٤ , ١٣).

کەواتا لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم ناکۆکیانە لە کۆتاییدا دەتوانن ببنە هۆی دابەشبوونی عێراق بۆ سێ ناوچەی شیعەنشین لە باشور و رۆژئاوای عێراق , کوردنشین لە باکوری عێراق و سوننەنشین لە ناوەندی عێراق . ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو سیناریۆ و کاریگەریانە بخاتە روو کە لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق لە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران درووست دەبن.

٤. مەترسییەکانی دابەشبوونی عێراق لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران

### ٤-١. مەترسی لەسەر یەکپارچەیی ئێران

عێراق یەکێک لە گرینگترین وڵاتانی هاوسنوری ئێرانە کە لە رابردوو مەترسی گەورەی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران درووست کردووە. ئەم وڵاتە لەپاش دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە پێکەوەلکاندنی سێ ویلایەتی موسڵ , بەغداد و بەسرە درووست بوو, کەلێنەکانی ئەم وڵاتە هەر لە سەرەتادا کۆمەڵگەی عێراقی بۆ سێ گروپی شیعە, سوننە و کورد دابەش کرد. کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڵ کێشە سنووریەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە ناسەقامگیری و کێشەی زۆریان لە پەیوەندییەکانیان درووست کردووە و بووەتە هۆی مەترسی ئەمنی بۆ سەر هەر دوو وڵات. (راستگو , ٢٠١٨: ٥٧).

جیابوونەوەی بەشێک لە خاکی ئێران لەم وڵاتە یەکێک لەو مەترسیانەیە کە بە هۆی دابەشبوونی عێراق لە سەر ئێران درووست دەبێت, بەم واتایە کە هاوسنووری و کلتوری هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەب لە هەر دوو وڵات ئەگەری داواکاری بۆ جیابوونەوەی ئەم لایەنانە بۆ سەر هەر وڵاتانی تازە درووست بوو لە عێراق زیاد دەکات .(علی پور و دیگران : ٢٠١٧ , ١٥٢). لەبەر ئەوەی لە هەر دوو دیوی سنورە هاوبەشەکانی ئێران و عێراق کورد و عەرەبی تێدایە کە واتا دابەشبوونی عێراق زۆرترین کاریگەری لە سەر کورد و عەرەبی ئێران دەبێت بۆیە پێویستە لێرە شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی ئەم کاریگەرییە بکرێت؛ بێگومان ئەم دابەشبوونە کاریگەرە لە سەر لایەنە ناوخۆ ناڕازی و نەیارەکانی دیکەی ئێرانیش دەبێت وەکو بەلوچەکان بەڵام چونکە کاریگەریەکە خێراتر و زۆرتر لە سەر ناوچە سنووریەکان دەبێت توێژینەوەکە گرنگی بەم دوو لایەنە دەدات.

#### ٤-١-١. درووستبوونی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە لایەن عەرەبی ئێران

خوزستان لە بەر جێگیربوونی لە لوتکەی کەنداوی فارس, هاوسنوری لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی, شیاوی و لەباربوونی فراوانی لە رووی کشتوکاڵییەوە, پەیوەست بوونی بە هێڵی سەرانسەری شەمەندەفەرە, پانتایەکی فراوان, بوونی چەندین بەندەری ستراتیژی, زۆری سەرچاوەی ئاو, بناغەی پیشەسازی و بوونی سەرچاوەیەکی زۆری نەوت و گاز لە رووی جیۆپۆلیتیکی گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە, ئەم هۆکارانە وایان کردووە ئەم ناوچەیە بە بەردەوامی لە ژێر چاودێری و سەرنجی وڵاتانی بەهێزی هەرێمی و سەروهەرێمی بێت و لە چەندین وێستگەی جیاجیای مێژوویی هەوڵیان داوە کە خوزستان لە ئێران جیا بکەنەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە.(ولدانی, ٢٠١١ : ٤). هەرچەندە دابەش کردنی خوزستان و لکاندنی بە نێوان دوو رووبارەکە ( مێزۆپۆتامیا / بین النهرین ) لە سەدەی نۆزدەیەم ویستی بریتانیا بووە و لە ساڵانی ١٩٢٤, ١٩٤٦, ١٩٥٠و ١٩٥٩حکومەتەکانی عێراق بە پشتیوانی لاوەکی بریتانیا و هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی وەکو میسر, سوریا, کوەیت و لیبیا دەیانویست ئەم بابەتە جێبەجێ بکەن بەڵام لەسەرەتای درووست بوونی حزبی بەعس, بیرۆکەی دابەش کردنی خوزستان و لکاندنی بە عێراقەوە وەکو ئامانجێکی گشتی لە بەر چاو بووە.(علی پور و دیگران, ٢٠١٧ :١٤٨).

گۆڕینی ناوی خوزستان لە لایەن سیاسەتمەدار و نووسەرانی بریتانیا , سەرکردە و نووسەرانی وڵاتانی عەرەبی و گروپ و چالاکوانە قەومی ناوخۆییەکانی ئێران لە رابردوو و ئێستادا بەکار هاتووە و بە کار دێت . بۆ نموونە لە جێگەی ناوی خوزستان ناوی "عەرەبستان " لە لایەن بیانییەکان و بە تایبەت بریتانیا بەکار هاتووە. سەرکردەکانی عێراق, سوریا, میسر و هەروەها هەندێک لە بەرپرسانی کوەیت دەستەواژەی "عەرەبستان" و "الاحواز" یان بۆ ئاماژەدان بە خوزستان بەکار هێناوە.

سەددام حوسێن سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق ئەم دەستەواژانەی چ پێش جەنگ و چ لە کاتی جەنگ لە گەڵ ئێران بەکار دەهێنا. هەروەها چەمکەکانی " شۆڕشی الاحواز ", "گەلی تێکۆشەری عەرەبستان" و "دەوڵەتی عەرەبستان" ی چەندین جار بۆ ئاماژەدان بە خوزستان بەکار هێناوە. هەندێک لە لایەنە ناوخۆیەکانی ئێران وەکو "الجبهة العربیة لتحریر الاحواز" و" حرکة التحریر الوطني الاحوازي" لە بەیاننامەکانیان هەموو کاتێک لە جێگەی خوزستان ناوی "ئەحوازی داگیرکراو" بەکار دێنن و پێیان وایە کە ئەحواز ناوی دروستی وڵاتی ئەحوازە بە پایتەختی شاری ئەحواز و داوایان لە هەموو راگەیاندنە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان کردووە ناوی رەسەن بۆ ناوچەکەیان بەکار بهێنن و خۆیان بپارێزن لە بەکارهێنانی خوزستان و ئەهواز چونکە ئەم ناوانە لە لایەن حکومەتەکانی ئێران بە مەبەستی لەناوبردنی شوناس و رەسەنایەتی ناوچەکەیان بەکار دێت.( ولدانی, ٢٠١١ : ١٠).

سیاسەتی عێراق سەبارەت بە خوزستان لە سەردەمی حکومەتی بەعسی گرینگی زۆرتری پێدرا. ( ولدانی, ١٩٩٧ : ٣٩٩). بە پێی هەندێک لە راپۆرتەکان هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران لە سەر بنەمای پلانی دابەشکردنی خوزستان دانرابوو کە ئەم پلانە لە ساڵی ١٩٥٠ لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئامادە کرابوو.( ولدانی, ١٩٩٨ : ٧٣).

عێراق لە جەنگی هەشت ساڵە دژی ئێران دوو ئامانجی سەرەکی و لاوەکی هەبوو : ئامانجی سەرەکی لکاندن و هاوپێچ کردنی دەشتی خوزستان بە تایبەت بەشی عەرەب نشینەکەی بە عێراق وئامانجی لاوەکیش هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر بوو.(علی پور و دیگران,٢٠١٧ : ١٤٩- ١٤٨).

بە هۆی ئەم پێشینە مێژوویە زەمینەیەکی لەبار و رەخساو لە ناو عەرەبی خوزستان هەیە کە دابەشبوونی عێراق کاریگەری لەسەریان درووست بکات بۆ ئەوەی هەوڵی جیابوونەوە لە ئێران بدەن یان بە لایەنی کەم دژی حکومەتی ناوەندی ئێران بوەستنەوە و بەم شێوەیە ببنە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی ئێران. کەواتا بە هۆی نزیکی کلتور و شوناس لە نێوان ئەم دوو وڵاتە هەر گۆڕانکارییەک لە عێراق لە هەر سەردەمێک دەتوانێت کاریگەری ژینگەی عەرەبی عێراق لە سەر عەرەبەکانی ئێران زیاد بکات و ویستی جیابوونەوە لای عەرەبەکانی ئێران زیاد بکات و بەم شێوەیە نەیارە ناوخویەکانی ئێران بە پاڵپشتی هەندێک لە وڵاتانی هەرێمی و سەرووهەرێمی ئاسایشی ناوخۆیی و نەتەوەیی ئێران بخەنە ژێر مەترسییەوە.

### ٤-١-٢. سەرهەڵدانەوەی ویستی جیابوونەوە لە لایەن کورد لە ئێران

بە پێی ئەو سنوورانەی کە پاش دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆتایی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی درووست بوون هەندێک لە گرووپە قەومی- مەزهەبییەکان لە نێوان چەند وڵاتێک دابەش کران, ئەم بابەتە بووە هۆی درووستبوون و فراوانبوونی رەفتاری فراوانخوازی لە لایەن هەندێک لە دەوڵەتەکان بەرامبەر ئەم گرووپانە لە وڵاتانی دیکە. ریشەی فراوانخوازی بۆ چۆنیەتی رەفتاری کۆمەڵگە لە گەڵ ئەو گرووپە قەومی- مەزهەبییەکان دەگەڕێتەوە کە بۆ هەمیشە لە سەر سنوورەکان بە پەرتەوازەیی جێگیر بوونە و هۆکارن بۆ ململانێی هەرێمی یان ململانێ لە نێوان دوو یان چەند وڵات, کەواتا وڵاتان تووشی پێکدادانی سنووری دەبن یان لەبەر پشتیوانی لە گرووپە قەومی- مەزهەبییەکان لە وڵاتی رکابەر دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر دەکەن.( کتێب حق پناه , ٢٠٠٨ : ٦٢ – ٦١).

کورد یەکێکن لە گرینگترین ( نەتەوەکانی ) رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ناو سنورەکانی وڵاتێکی دیاریکراو ناژین بەڵکو دابەش کراون لە سەر چەند وڵاتێک و ئەمەش یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتانەی تووشی کێشەی جددی کردووە. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد وەکو ئامرازێک لە دژی یەکتر بەکار دێنن و ئەمە بووەتە هۆی ناکۆکی توندتر لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە .( ولدانی, ٢٠٠٩ : ٤٥). قەیرانی کوردستان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی تا (٢٠٢٣) بە شێوەیەکی بەردەوام لە نێوان کورد و وڵاتانی ئێران, عێراق, تورکیا و سوریا بوونی هەیە و دابەشکردنی خاکی کوردستان لە نێوان ئەم وڵاتانە هۆکارێکە بۆ ئەوەی ناوچە کوردنشینەکان لەم وڵاتانە لە رووی جوگرافیایی پێگەیەکی پەراوێزخراو و لاوەکییان هەبێت, هەروەها چۆنیەتی روانگەی حکومەت و زۆربەی دانیشتوانی وڵاتانی ناوبراو سەبارەت بە کورد وای کوردووە کە ئەوان وەکو هاووڵاتی پلە دوو ئەژمار بکرێن و بە شێوەیەکی گشتی لە رووی ئابووری, کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی وڵات کەمتر گەشەیان کردووە, ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کورد وا بیر بکەنەوە کە جیاوازی و نادادپەروەرییان لە گەڵدا دەکرێت و بەم شێوەیە پەیوەندییان لە گەڵ حکومەتەکان باش نەبێت.(محمدی و دیگران, ٢٠١٠ : ١١٧).

پەیوەندی نێوان کورد لە عێراق و حکومەتەکانی ئەم وڵاتە پەیوەندییەکی دوژمنکارانە بووە.(داینر و هاگین, ٢٠١٥ : ١٧٠). لە راستیدا پێش درووستبوونی وڵاتی عێراق شەڕی نێوان کورد و عەرەب دەستی پێکرد بەڵام لە سێ قۆناغی ١٩٢٥ – ١٩١٥, ١٩٧٥ – ١٩٦٥ و١٩٩١ – ١٩٨٠ توندتر و زیاتر بووە. کورد لە عێراق لە کاتی درووستبوونی وڵاتی عێراق بە پشتبەستن بە بنەما ١٤ خاڵیەکەی ویلسۆن و پەیماننامەی سیڤەر داوای سەربەخۆییان دەکرد بەڵام لە پاش راگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق لە ١٩٣٢ داوای ئۆتۆنۆمی سیاسی و فەرهەنگییان لە چوارچێوەی عێراق و بەشداربوون لە حکومەت بە پێی قەبارە و سەنگی خۆیان هەبووە. ئەم مێژووە دوورودرێژ و پڕ لە خەبات بۆ سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان کاریگەری لە سەر کورد لە وڵاتانی دەورووبەریش هەبووە.(محمدی و دیگران, ٢٠١٠ : ١٢٨).

لە سێ قۆناغ دەکرێت خوێندنەوە بۆ بزوتنەوەی سیاسی کورد لە ئێران بکرێت: قۆناغی سەردەمی"رەزا شا " لە ١٩٢١ بۆ ١٩٤١, قۆناغی سەردەمی "موحەممەد رەزا شای پەهلەوی" لە ١٩٤١ بۆ ١٩٧٩ و قۆناغی سەردەمی "کۆماری ئیسلامی ئێران" لە ١٩٧٩ بەدواوە. شۆڕشی ئیسماعیل ئاغا شەکاک (سمکۆ) لە دەیەی ١٩٢٠, دامەزراندنی حکومەتی خودموختاری کوردستان( کۆماری کوردستان) لە مەهاباد لە

ساڵی ١٩٤٦ و گۆڕانکاریە سیاسییەکانی پاش ساڵی ١٩٨٠ گرینگترین رووداوە سیاسییەکانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لەو سێ قۆناغە بوون.( احمدی, ٢٠١٤ : ٩٣).

مێژوو نیشانی داوە کە کوردی ئێران بە تایبەت ئەوانەی سوننە مەزهەبن ویستێکی زۆریان بۆ هەڵهاتن لە ناوەند و پەیوەندی کردنیان بە کوردستانی گەورە تێدایە و بە درووست بوونی کێشە و قەیران لە حکومەتی ناوەندی بە ئاراستەی ئۆتۆنۆمی و جیابوونەوە لە ئێران هەوڵ دەدەن. روودانی جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکان کاریگەری پرسی کوردی لە سەر سەقامگیری سیاسی و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەرخست. بە پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵبەتە لە بارودۆخی گونجاوی ناوخۆیی ئێران, کۆماری مەهاباد بە سەرکردایەتی "قازی موحەممەد" بوونی خۆی راگەیاند.( حق پناه, ٢٠٠٨ : ١٦). بەدەستهێنانی مافی سیاسی, ئابووری و کلتوری لە گرینگترین هۆکارەکانی درووستبوونی کۆماری کوردستان بوون.(بابایی فرد, ٢٠١٣ : ١٦٢). رووەیەکی دیکەی ئەم بابەتە پاڵپشتی کوردی عێراق لە کۆماری مەهاباد بوو. بە شێوەیەک کە "مەلا مستەفا بارزانی" لە گەڵ هێزەکانی لە مەهاباد جێگیر بوو و  وەکو وەزیری بەرگری کابینەی قازی موحەممەد هەڵبژێردرا. بێجگە لە پاڵپشتی سیاسی و سەربازی, کوردی عێراق کاریگەریان لە گەشەپێدان بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەگەرایی کورد لە نێو جیلی یەکەمی قەومە گەرایانی کورد لە ئێران هەبوو. تەنانەت جەنگی کورد لە عێراق لە گەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق کاریگەری لە سەر ئێران هەبوو بە شێوەیەک کە مەلا مستەفا و پێشمەرگەکانی لە ساڵی ١٩٤٦ بە جەنگ و دەرچوون لە خاکی ئێران خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت.( حق پناه , ٢٠٠٨ : ١٦).

پاش دارمان و لەناوچوونی حکومەتی پەهلەوی لە ئێران وردەوردە لە ناوچە کوردنشینەکان بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا, بەم مانایە کە بەشێکی زۆر لە کورد لە رووی سیاسی, ئابووری و کلتوری خۆیان لە لایەن حکومەتی ناوەندی بە ستەملێکراو دەزانی. پارت و گرووپە سیاسیە کورد پێیان وابوو مافی خۆیانە پاش بەشداریکردنیان بۆ لەناو بردنی حکومەتی پەهلەوی, چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن, لە سەر ئەم بنەمایە داوای خودموختاریان لە حکومەتی پاش پەهلەوی کرد بەڵام هیچکام لە لایەنە سیاسییەکانی ئێران ئامادەنەبوون ئەم داواکاریە جێبەجێ بکەن چونکە خودموختاریان بەرامبەر بە دابەشبوون دەزانی.(فیضی و دیگران, ٢٠٢١ : ١٨٥).

ناکۆکیە مێژوویەکانی ئێران و عێراق پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و ترسی بەغداد لە کاریگەری ئەم شۆڕشە بۆ سەر شیعەکانی عێراق زیاتر پەرەی سەند و بووە هۆکارێک بۆ پاڵپشتی زیاتری سەرکردەکانی بەعس لە کوردە نەیارەکانی ئێران وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتی دکتۆر عبدالرحمن قاسملو. ئەم سیاسەتە لە ماوەی ساڵانی جەنگ و پاش جەنگیش بەردەوام بوو. دەرەنجامی ئەم سیاسەتە بەردەوامی قەیران بوو لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە دەیەی ١٩٨٠.(حق پناه, ٢٠٠٨ : ١٠٠- ٩٩). لە هاوینی ساڵی ١٩٩٠ سوپای عێراق کوەیتی داگیر کرد و شەش مانگ دواتر هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا کوەیتیان رزگار کرد و دواتر دوو راپەڕینی گەورەی گەل لە باشوری عێراق و کوردستان بەرپا بوو, بەڵام سوپای رژێمی بەعسی ئەم راپەڕینانەی بە شێوەیەکی خوێناوی دامرکاند و بووە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس بۆ وڵاتانی ئێران و تورکیا و لە کۆتاییدا هاوپەیمانی رۆژئاوا "پەناگەیەکی ئارام"یان بۆ خەڵکی کوردستان لە بەشێکی گەورەی کوردستان – عێراق درووستکرد و کوردیش ناویان لێنا "کوردستانی ئازاد".(عوسمان, ٢٠١٣: ٤٤ - ٤٣). کەواتا رووداوە سیاسییەکانی پاش جەنگی دووەمی کەنداوی فارس بووە هۆی درووستبوونی ناوچەی دژە فڕین( Iraqi no - fly zones ) لە عێراق.(احمدی, ٢٠١٤ : ٣١٥). دواتر لە ١٩ / ٥ / ١٩٩٢ بە یارمەتی وڵاتە رۆژئاواییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد لەم پەناگەی ئارامە واتا لە کوردستانی ئازاد ئەنجام درا و بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێم "ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان – عێراق" بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردرا و دواتریش یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان  ( KRG )دامەزرا.(عوسمان, ٢٠١٣ : ٤٤). بەڵام دواتر بە هۆی ناکۆکی و جەنگ لە نێوان دوو حزبی سەرەکی واتا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان تا ١٣ ساڵ دواتر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا, کەواتا دووەمین هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجام درا. لەم هەڵبژاردنە بە رێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی, مەسعود بارزانی لە پارتی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەلال تاڵەبانی لە یەکێتی وەکو نوێنەری کورد بە سەرۆک کۆماری عێراق, هەروەها نێچیروان بارزانی لە پارتی بە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و عەدنان موفتی لە یەکێتی بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دیاری کران.(علویان و تبار سوته, ٢٠٢٠ : ٢٠٢). لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ دەستوری هەمیشەیی عێراق لە راپرسی خەڵکی عێراق بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کراو و چارەسەری پرسی کورد لە عێراق لە سەر بنەمای سیستەمی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی عێراق جێگیر کراو هەرێمی کوردستانیش وەک یەکەم هەرێمی فیدراڵی دەوڵەتی ئیتیحادی عێراق لە چوارچێوەی سەرووەری بە سەر ئەو خاکەی یان ناوچەکانی " پەناگەی ئارامی " پێشوو دانپێدانرا.( عوسمان, ٢٠١٣ : ٤٥).  گۆڕانکاریەکانی هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاوازەکاندا کاریگەری لە سەر پەیوەندیەکانی کوردی دیکەی ناوچەکە لە گەڵ حکومەتە ناوەندیەکانیان هەبوو و بووە هۆی

داواکاری بۆ پێدانی ئازادی, گەشەپێدانی زمان و کلتوری کوردی, نەهێشتنی جیاوازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان و بەشداری سیاسی لە کاروباری وڵات و بە تایبەت ناوچەکانیان.

رۆڵ و کاریگەری هەرێمی کوردستان لەم پرۆسەیە بریتی بوو لە: یەکەم: درووستکردنی هیوا و باوەڕ لە نێو کورد بۆ ئەوەی سەرەڕای ئەزموون و شکستەکانی رابردوو دەتوانن چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن؛ دووەم: سەرەڕای نارەزایەتی و دژایەتی حکومەتە ناوەندیەکان دەکرێت دەنگی خۆیان بە جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بگەیێنن و بەم شێوازە گوشاری حکومەتە ناوەندییەکان لە سەر خۆیان کەم بکەنەوە. لە ئێستادا ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە بەشێک لە دانیشتوانیان کوردن تووشی ململانێیەکی تووند بوونەتەوە؛ لە لایەک کورد ئاستی داواکاریەکانیان زیاد دەکەن کە هەندێک جار ئەمە دەبێتە هۆی شەڕ لە گەڵ هێزەکانی ئاسایش و حکومەت؛ لە لایەکی دیکەوە بڵاوبوونەوەی هەواڵ و رووداوەکانی پەیوەست بە کورد لە سەر ئاستی هەرێمی و جیهانی سەرنجی جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان, رێکخراوە ناحکومییەکان, دەوڵەتانی ئەوروپا و ئەمریکای بۆ خۆی راکێشاوە و یەکسەر حکومەتە ناوەندییەکان دەکەونە ژێر گوشاری رای گشتی یان گوشاری فەرمی نێودەوڵەتی.(حافظ نیا, ۲۰۰٦ : ۲٤- ۲۳).

بۆ کاریگەری گۆڕانکاریەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر کورد لە ئێران دەکرێت ئاماژە بەم رووداوانە بکەین: نائارامی و رووداوەکانی هاوینی ۲۰۰٥ لە مەهاباد, پێکهێنانی فراکسیۆنی کورد لە پەرلەمانی ئێران لە هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننە کە ئەمەش گرینگی شوناسی قەومی نەتەوەیی لای کورد دەگەیەنێت بەراورد بە شوناسی مەزهەبی, دڵخۆشی و شایی کورد لە ئێران بە تایبەت لە سنە و مەهاباد بە بۆنەی راگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی و هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق و ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کورد لە عێراق لە ۲۰۱۷ و لە بەرامبەردا بەشداری کەمی کورد لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان و پەرلەمان و سەرۆک کۆماری ئێران, داواکاری ریفۆرمخوازە کورد لە کاندیدەکانی سەرۆک کۆماری ئێران بە پێدانی مافە سیاسی و ئابووری و کلتوریەکان.(باقری, ۲۰۱۳ : ۱٥۷). هەروەها پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵی لە ئێران لە لایەن نەیارانی ئێران هاوشێوەی ئەوەی لە عێراق روویدا.( علویان و تبارسوتە, ۲۰۲۰: ۲۰٤).

کە واتا گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت گۆڕانکاریە سیاسییەکان کاریگەریان لە سەر ئاسایشی ناوخویی و نەتەوەیی ئێران بە تایبەت لە ناوچە سنوریەکانی ئێران هەبوە؛ دەتوانین بۆ ئەم بابەتە ئاماژە بە کەمبوونەوەی بەرچاوی بەشداری کورد لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆک کۆماری ئێران بکەین. بۆ نموونە لە کاتێکدا بەشداری کوردی پارێزگای سنە لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمان 70,18بوو و لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری نزیکەی٨٥ % بوو بەڵام بە هۆی گرنگی نەدانی حکومەتی ناوەندی بە پارێزگا کوردنشینەکان لە لایەک و کاریگەری گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەکی دیکەوە رێژەی بەشداری کردنی کورد لە خولەکانی داهاتوو بەم شێوەیە دابەزی:

هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی سەرۆک کۆمار لە سەدا ٤٥ , ٥٣, هەڵبژاردنەکانی خولی هەفتەمی پەرلەمان لە سەدا ٢٦ , ٣٢ هەروەها هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی سەرۆک کۆمار لە قۆناغی یەکەم لە سەدا ٣٧ , ٣٧ و لە قۆناغی دووەم لە سەدا ٦ , ٢٤ بووە.( کیانی و دیگران, ۲۰۱۹ : ۱۲- ۱۱).

کەواتا هەموو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی لە بوارە جیاوازەکان لە سنوری کوردستان / عێراق روویان داوە و کاریگەریان لە سەر بوارە هەمە جۆرەکانی کورد لە ئێران درووستکردووە لە لایەک و کەلێن و جیاوازی زمانی, قەومی و مەزهەبی کورد لە ئێران لە گەڵ قەومو و پێکهاتەکانی دیکە و گرینگی نەدان بە ناوچە کوردنشینەکان لە رووی سیاسی, ئابووری و کلتوری لە لایەن حکومەتە ناوەندییەکانی ئێران لە لایەکی دیکەوە زەمینەیان خۆش کردووە بۆ ئەوەی لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق و درووستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ ؛ ئەوکات کاریگەری ئەم دابەشبوونە لە سەر کورد لە ئێران لە رووی کلتوری, سیاسی, ئەمنی و ئابووری بریتی دەبێت لە:

لە رووی کلتوری دەتوانێت لە رێگەی راگەیاندن, رێکخستن و ئەنجامدانی بەرنامە جۆراوجۆرە کلتوریەکان, دامەزراندنی کەناڵەکانی سەتەلایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان, رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی دیکە, رێوڕەسمی یادی ساڵیانە بۆ کەسایەتییە دیارەکانی کورد وەکو قازی موحەممەد و هتد کاریگەری لە سەر رای گشتی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران درووست بکات. لە هەڕەشە و مەترسیە سیاسییەکان دەکرێت ببێتە هۆی فاکتەری سەرەکی بۆ گەشە کردنی ناسیونالیزم و شوناسی کوردی و داواکاری بۆ مافە هاوشێوەکانی کوردستانی سەربەخۆ لە لایەن دانیشتوانی کورد لە ئێران.

لە رووی ئابورییەوە ئاشکرایە کە کورد لە ئێران پێشتر بارودۆخی ژیانیان لە کورد لە عێراق باشتر بووە بەڵام لە ئێستادا ئەمە پێچەوانە بووەتەوە و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بارودۆخی ئابووریان باشترە ئەمەش وایکردووە کورد لە ئێران چاویان لە داهات و خۆشگوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت و ژیانی خۆیان بە ئەوان بەراورد بکەن و حەزیان لە داهاتی هاوشێوەی

ئەوان بێت؛ بە دڵنیاییەوە ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکان دەبێت بۆ ویستی دوورکەوتنەو لە سەنتەر و دەوڵەتی ناوەندی ئێران لە لایەن کوردی ئەو وڵاتە. ئەم هەڕەشە و مەترسیانە ڕێگە و زەمینە خۆش دەکەن بۆ هەڕەشە ئەمنییەکان ئەوەش لە ڕێگەی نفوزی (پژاک)، کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ناو سنورەکانی ئێران و بەم شێوازە ئاسایشی ئەم ناوچانە بخەنە مەترسییەوە، هەروەها ئامادەبوونی ئەمریکا و ئیسرائیل هەرەشەیەکی جددی دیکە دەبێت بۆ سەر ئاسایشی ناوخویی و نەتەوەیی ئێران. بە ئەگەری زۆرەوە ئەم بارودۆخە کاریگەری لە سەر لایەنە قەومی و نەیارەکانی دیکەی ئێران درووست دەکات و بەم شێوەیە یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەوێتە ژێر مەترسی و دابەشبوون.(قاسمی حیدری و دیگران، ٢٠٢١ : ١٧٤ – ١٧٢). کە واتا سەرەکی ترین هەڕەشە و مەترسی هەرێمی کوردستان و دواتریش کوردستانێکی سەربەخۆ بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆ و نەتەوەیی ئێران بریتیە لە دروستکردن و پشتگیری و فراوانکردنی پشێوی دژی یەکپارچەیی خاکی ئێران و ڕێگەپێدانی ئاشکرا و نهێنی بە دەزگا هەواڵگرییەکانی دژ بە ئێران بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژی ئەو وڵاتە. (نصری و رضایی، ٢٠٢٠ : ١٩٢).

بە پشت بەستن بەو زانیاریانە کە لە سەرەوە باس کران دەتوانین بڵێین: دابەشبوونی عێراق و درووستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ کاریگەری لە سەر جموجۆڵی سیاسی کورد لە ناوخۆی ئێران، زیادبوونی جموجۆڵی سەربازی لایەنە نەیارە کوردی ئێران وەکو کۆمەڵە و پژاک و هتد، زۆر بوونی داواکاری سیاسی، ئابووری و کلتوری کورد لە حکومەتی ناوەندی، کاریگەری لە سەر زیاد و فراوان بوونی ناکۆکی و جموجۆڵی قەومی لە ئێران ، ویستی کورد لە ئێران بە تایبەت سنە، مەهاباد و مەریوان بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە کوردستانی سەربەخۆ و زیادبوونی ناارامی و ناکۆکی لە سنورەکانی رۆژئاوای ئێران دەبێت و هەموو ئەم بابەتانەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران درووست دەکەن.

### ٥. درووستبوونی وڵاتێکی سوننەی عەرەبی

پەیوەندیەکانی ئێران و عێراق بە بەردەوامی پەیوەندیەکی پڕ لە ململانێی و ئاڵۆزی بووە. پاش سەربەخۆیی عێراق پەیوەندی ئەم دوو وڵاتە بێجگە لە سەردەمی ٢٦ ساڵەی پاشایەتی لە عێراق بە بەردەوامی ئاڵۆز بووە؛ بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و سەردەمی بەعس لە عێراق گەییشتووە بە لوتکە و جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئەم دوو وڵاتەی لێ کەوتەوە.(سهرابی و دیگران، ٢٠١٦: ١٦٩). بەڵام لە ناوچوونی رژێمی بەعسی سەدام و درووستبوونی سیستەمێکی سیاسی نوێی دیمۆکراتیک لە عێراق دەرفەتی بەشداری سیاسی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت شیعەکان رەخساند و ئەمەش تا رادەیەکی زۆر مەترسییەکانی عێراقی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کەمکردەوە، ئەم دەرفەتەش وای کرد کە ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی و پشتگیری لە دەوڵەتی نوێی عێراق لە پاش ٢٠٠٣ بکات.(متقی و سلطانی، ٢٠١٢ : ٤٩). عەرەبی سوننە کە نزیکەی ٢٠% دانیشتوانی عێراق پێک دێنن بە هۆی ئەوەی کە هەم بەشێکی زۆری خاکی عێراق لە ژێر دەسەڵاتیاندایە و هەم بە پێی ئەو پاڵپشتی و رەواییە کە بۆ بەشداری کردن لە دەسەڵات لە دەستور وەریانگرتووە دەتوانن کاریگەریان لە سەر سیستەمی سیاسی عێراق و داهاتووی هەبێت.(امیری مقدم و دیگران، ٢٠١٨: ٢١٩).

دابەشبوونی عێراق و درووستبوونی وڵاتێکی عەرەبی سوننە بە دوو شێواز کاریگەری لە سەر ئاسایشی ناوخۆیی و نەتەوەیی ئێران درووست دەکات:

یەکەم: کاریگەری لە سەر پێگەی هەرێمی ئێران دەبێت، بەم مانایە کە درووستبوونی وڵاتێکی عەرەبی سوننە کاریگەری نەرێنی لە سەر هێزی ستراتیژی ئێران لە ناوچەکە دەبێت ئەویش لە ڕێگەی درووستبوونی رژێمێکی سیاسی هاوشێوەی رژیمی بەعس هەروەها ئەگەری نزیکبوونەوەی ئەم وڵاتە لە سعودیا بە هۆکاری مەزهەبی، ئابووری و ژئوپۆلەتیکی. دووەم: کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و ناوخۆیی ئێران درووست دەکات ئەوەش لە ڕێگەی پشتیوانی و پاڵپشتی لە کەمینە قەومی و مەزهەبییەکانی ئێران وەکو کەمینە عەرەبە سوننەکان و لایە قەومی عەرەبەکانی وەکو "الاحوازیە" لە خوزستان. هەروەها فراوانبوونی سەلەفیەت و درووستبوونی ئاڵۆزی و گرژی فیرقەیی، قەومی و مەزهەبی لە پارێزگا سوننە نشینەکانی رۆژئاوا، باشوور و باشووری رۆژئاوای ئێران کە دەرەنجامی ئەمە بەهێزبوونی ویستی جیاخوازی و سەربەخۆیی عەرەبە سوننەکانی ئێرانی لە ناوچە سنووریەکانی لێ دەکەوێتەوە.(منتظران و قربانی، ٢٠١٧ : ١٣٨ – ١٣٧).

### ٦- ئامادەبوونی وڵاتانی نەیاری ئێران لە ناوچەکە و سنورەکانی ئێران

#### ٦-١. ئیسرائیل

دارمانی دەوڵەتی بەعسی عێراق لە لایەک کۆتایی بە تەمەنی رژێمێک هێنا کە دەیتوانی هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئیسرائیل بێت و لە لایەکی دیکەوە دەرفەتێکی لەباری بۆ نفوزی ئیسرائیل لە ناوچەکە رەخساند . ئامادەبوونی ئەمریکا لە عێراق و نەبوونی

حکومەتێکی ناوەندی بەهێز لە عێراق زەمینەیان بۆ ئیسرائیل خۆش کرد تاکو بە قۆستنەوەی بارودۆخی نالەباری ئەم وڵاتە بەرژەوەندی و نفوزی خۆیان لە ناوچەکە فراوان بکەن.( سلطانی نژاد, ٢٠٠٥ : ١٣).

ویستی ئیسرائیل دابەشبوونی وڵاتانی عەرەبیە بۆ چەند وڵاتێکی بچوکتر , بۆ ئەم مەبەستە چەندین سەنتەری توێژینەوەی دامەزراندووە , سەنتەری "دایان" یەکێک لە گرنگترین سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئیسرائیلە کە بەشێکی بەرچاوی توێژینەوەکانی بۆ بابەتی دابەشبوونی وڵاتانی عەرەبی تەرخان کردووە, کەواتا ئیسرائیل بە شوێن باڵکانیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ نموونە دابەشبوونی عێراق بۆ سەر سێ وڵاتی کوردی, عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە.(منتظران و قربانی, ٢٠١٧: ١٢٧ - ١٢٥). داڕمانی رژێمی سەدام دەرفەتێکی گەورەی لە بەرامبەر ئیسرائیل دروستکرد و هەنگاوێک ئەم وڵاتەی لە گەییشتن بە پلان و سیاسەتەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیک کردەوە, نەمانی سەدام کە یەکێک لە دیارترین پان عەرەبیستەکانی جیهانی عەرەب بوو لە لایەک و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری عێراق لە لایەن کەسایەتییەکی کورد لە وڵاتێک کە یەکێک بوو لەسەمبول و هێماکانی شانازی لە جیهانی عەرەبی لە لایەکی دیکەوە بە مانای لێدانێکی بەهێز بوو لە پلانی پان عەرەبیستەکان.( عمادی و دیگران, ٢٠٢١ : ١٢٩).

هەڵکەوتە و شوێنی کوردستان / عێراق لە سنورەکانی سێ کلتور و شارستانیەتی ئێرانی, عەرەبی و تورکی لە گەڵ گوشار و ستەمی حکومەتە ناوەندییەکان دژی کورد بە ناچاری چاوی کوردیان خستووەتە سەر وڵاتانی سەروهەرێمی, ئەمەش باشترین دەرفەتی بۆ ئیسرائیل رەخساندووە بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە بیرۆکە و ئارمان و ویستی سەربەخۆیی کورد بکات و هەوڵ بدات پەیوەندیان لە گەڵ درووست بکات. ئیسرائیل تاکە وڵاتی ناوچەکەیە کە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کورد دەکات.(اخوان کاظمی و دیگران, ٢٠١٨ : ٢).

نفوزی ئیسرائیل لە کوردستان / عێراق بۆ دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی زایینی و سەردەمی ناکۆکیەکانی نێوان کورد لە گەل حکومەتی ناوەندی دەگەڕێتەوە کە مەبەستی ئیسرائیل لاوازکردنی حکومەتی ناوەندی و ئاراستە کردنی کورد بۆ سەربەخۆیی بوو.(قاسمی حیدری و دیگران, ٢٠٢٠ : ١٠٣). ئەم نفوزەی ئیسرائیل لە کوردستان / عێراق بەردەوامی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی ئیسرائیلە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی چوونە دەرەوە لە گۆشەگیری و بەهێز بوونی لەم ناوچەیە. لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە پاش جەنگی یەکەمی کەنداو لە ١٩٩١ و داڕمانی سەدام لە ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستان رووياندا زەمینە بۆ نفوزی زیاتری ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستان دروست بوو لە رێگەی پەیوەندی و چالاکی نافەرمی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی.(صادقی و دیگران , ٢٠١٩ : ٣٢١ – ٣٢٠).

روانگەی ئیسرائیل بەرامبەر بە کورد لە عێراق وایە کە کورد خۆیان لە چوارچێوەی شوناس و ناسنامەیەکی جیاواز لە عەرەبەکان پێناسە دەکەن و دەیانەوێت سنورەکانی ناسنامەی نێوان خۆیان و ئەوان تۆختر بکەن. ئەم ویستەی کورد بۆ پێناسەی خۆیان لە دەرەوەی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق لە گەڵ خۆ بەدوورگرتن لە هەر هەڵوێستێکی توند سەبارەت بە بابەتی فەلەستین هۆکار بوونە بۆ ئەوەی ئیسرائیل هەوڵی نزیک بوونەوەی و پشتیوانیان لێ بدات. ئەم ستراتیژیەی ئیسرائیل بۆ دوکترینی " Doctrine"یەکێتی دەرووبەر" دەگەڕێتەوە و بە مانای یەکێتی لە گەڵ ئەو وڵاتانە دێت کە عەرەب نین بەڵام لە دەورووبەری جیهانی عەرەبین. لە روانگەی جیۆپۆلیتیک بوونی هەرێمی کوردستان بۆ ئیسرائیل تا رادەیەک هەمان گرنگی سوریای بۆ ئێران هەیە. ئێران و ئیسرائیل هەوڵ ئەدەن کۆنترۆڵکردنی یەکتر لە رێگەی نزیکبوونەوەیان لە سنوری جوگرافیایی یەکتر ئەنجام بدەن. نفوزی ئێران لە سوریا و لوبنان و نفوزی ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستان, ئازەربایجان ومیرنشینە یەکگرتووە عەرەبەکان(ئیمارات) لەم چوارچێوەیە خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.(عمادی ودیگران, ٢٠٢١ : ١٢٩).

هەر چەندە بە شێوەیەکی فەرمی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان نیە و بەرپرسانی کوردیش ئەم پەیوەندیە رەد دەکەنەوە بەڵام لە رووی رەفتاری و بەهاکانەوە ناکۆکی و جیاوازی لە نێوانیان نەبینراوە . لە چاوپێکەوتنی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان "مەسعود بارزانی" لە گەڵ بەشی عەرەبی زمانی رۆژنامەی "ئیندیپێندێنت" سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و هەرێمی کوردستان رایگەیاندبوو کە:(( تا ئەو کاتەی ئێمە بەشێک بین لە عێراق ئەگەر ئیسرائیل سەفارەتخانەی خۆی لە بەغداد بکاتەوە کونسولخانەی ئەم وڵاتەش لە هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە و ئێمە پێشوازی لێدەکەین ... ئێمە بڕوامان وایە کە پەیوەندی لە گەڵ ئیسرائیل بابەتێکی ئاسایی و سروشتیە و ئەمە بووە بە ئەمرێکی واقێع و بابەتێکی راستەقینە و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە ئێستادا لە گەڵ ئیسرائیل پەیوەندیان هەیە)) .(عمادی و دیگران, ٢٠٢١: ٣٠ – ٢٩).

دەتوانین بڵێین دابەشبوونی عێراق ئەم مەترسییانەی لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆیی و نەتەوەیی ئێران دەبێت (اخوان کاظمی و دیگران, ٢٠١٨ : ٢٠- ١٨) :

**یەکەم**: پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل فراوان دەبێت و لەوانەیە کوردستان ببێتە یەکێک لە بنکەکانی ئیسرائیل دژ بە ئێران.

**دووەم**: دەبێتە هۆی لاوازبوونی جیۆپۆلیتیکی شیعە لە ناوچەکە و لە بەرامبەردا بەهێزبوونی ئیسرائیل لە ناوچەکە . لەم بارودۆخەدا ئێران سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانی هاوپەیمانە لاوازەکانی دەبێت کەئەمەش لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە تێچوویەکی زۆر لە سەر حکومەتی ئێران درووست دەکات سەرەڕای ئەو گوشارە سیاسی و ئابووریە ناوخۆییانە لە سەر ئێرانە بە هۆی ئابلۆقەکانی سەر ئێران.

**سێیەم**: درووستبوونی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان کوردستان و ئیسرائیل لە لایەک رەوایی و مەشروعیەتی ئیسرائیل زیاد دەکات و لە لایەکی دیکەوە پێگە و هەوڵەکانی ئێران بۆ بەناڕەوا ونامەشروع ناساندنی ئیسرائیل لاواز دەکات.

**چوارەم**: بە پێی بەڵگەنامەکانی ساواک سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ساواک و موساد لە سەردەمی رژێمی پەهلەوەی, بەکارهێنانی بنکەی جاسوسی لە دژی وڵاتانی ناوچەکە یەکێک لە شێوازە باو و کۆنەکانی ئیسرائیل بووە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست لە دژی وڵاتانی نەیاری, لە بەر ئەوەی پەیوەندییەکانی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی و ئیسرائیل زۆر باش بووە ئەو کات ئیسرائیل سنورەکانی ئێرانی بۆ کوکردنەوەی زانیاری لە دژی عێراق بەکار دەهێنا, بەڵام پاشتر بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و تێکچوونی پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئیسرائیل لە لایەک و لەناوچوونی رژێمی بەعسیش لە لایەکی دیکەوە پرۆسەکە پێچەوانە بووە و لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق لەوانەیە ئیسرائیل سنوورەکانی کوردستان بەکار بهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە دژی ئێران.

**پێنجەم**: لە بەر ئەوەی پەیوەندییەکی زۆر نزیک و بەهێز لە نێوان ئێران و حزبوڵای لوبنان هەیە و لە رووی جوگرافییەوە حزبوڵای لوبنان هاوسنوری ئیسرائیلە و ئەمەش گوشار و هەڕەشەیەکی گەورەیە لە سەر ئیسرائیل, بۆیە ئەم وڵاتە هەمیشە یەکێک لە سیاسەت و ستراتیژیەکانی بەدەستهێنانی هاوپەیمانێک هاوشێوەی حزبولا بووە لە سەر سنورەکانی ئێران بۆ ئەوەی وەکو ئامرازێکی گوشار لە دژی ئێران بەکاری بهێنێت. بێگومان بەدابەشبوونی عێراق ئەگەری درووستبوونی ئەم دەرفەتە بۆ ئیسرائیل زیاتر درووست دەبێت.

### ٦-٢ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق دەستی پێکرد. لە ١٩٤٢ دەوڵەتی عێراق لە چوارچێوەی رێنماییەکان توانی لە ئەمریکا قەرز وەربگرێت و ئەم پەیوەندییەش بووە هۆی درووستبوونی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوانیان. پاش بەدەستهێنانی دەسەڵاتی عێراق لە لایەن بەعسیەکان و شکستی عەرەبەکان لە جەنگی ١٩٦٧ی عەرەب و ئیسرائیل, عێراق پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەمریکا پچڕاند.(اعلمی فریمان, ٢٠٠٤ : ٢٠٨).

ئەمریکا تا دەیەی ٧٠ ی زایینی لە کوردستان / عێراق رۆڵێکی بەرچاوی نەبوو چونکە بریتانیا رۆڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای لە کەنداوی عەرەبی / فارسی دەبینی, بەڵام پاش دەرچوونی هێزەکانی بریتانیا لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی / فارسی لە ساڵی ١٩٧١ ئەمریکا لە چوارچێوەی دوکترینی نیکسۆن لە ١٩٦٩ روویان لە ناوچەکە کرد و "هێنری کەسینجەر" بە هەڵبژاردنی "موحەممەد رەزا پەهلەوی" شای ئێران ویستی پلانەکانی خۆی لە ناوچەکە جێبەجێ بکات, پاراستنی بارودۆخ و سەقامگیری سیاسی ناوچەکە لە سیاسەتە سەرەکییەکانی ئەمریکا بوون. لەم چوارچێوە و بە سەرنجدان لە ئاڵۆزی و جەنگ لە نێوان کورد لە عێراق لە گەڵ حکومەتی ناوەندی , ئەمریکاش هەوڵیدا لە رێگەی شای ئێران پشتیوانی لە شۆڕشی کورد لە عێراق بکات ئەوەش بە مەبەستی بەدیهێنانی سیاسەت و ئامانجە هەرێمیەکانی خۆی و درووستکردنی گۆڕانکاری گونجاو لە بەغداد.(عیسی, ٢٠٠١ : ٩٠ – ٨٩). دواتر دارمانی رژێمی پەهلەوی و نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران بووە هۆی درووستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەکە و وڵاتانی بەهێزیش لە دروشمەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پاڵپشتی ئێران بۆ بزوتنەوە رزگاریخوازەکان نارازی بوون و ئەم بارودۆخە لە گەڵ کێشەکانی نێوان ئێران و عێراق هۆکار بوون بۆ ئەوەی جەنگی هەشت ساڵە لە نێوان ئەم دوو وڵاتە روویدات.(هوشی سادات, ٢٠١٦ : ٢٥١ – ٢٤٩). لە سەرەتای جەنگی نێوان ئێران و عێراق ستراتیژیەتی واشنتۆن درووستکردنی هاوسەنگی لە نێوان هەر دوو وڵات بوو و پشتیوانیەکی فراوانی ئابووری, سیاسی و سەربازی لە بەغداد کرد , ئەمریکا و عێراق لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان پاش ١٧ ساڵ بە فەرمی دەستپێکردەوە. ( اعلمی فریمان, ٢٠٠٤ : ٢٠٨).

رووداوی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە دروشمی سەرونەتەوەیی و پشتگیری ئێران لە بزوتنەوەکانی رزگاریخواز لە جیهانی سێیەم هەڕەشەیەک بوو لە سەر پرۆسەی گواستنەوەی نەوت و بەهێزبوونی فەزای شۆڕش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم و دەیتوانی سیستەمی سیاسی , ئەمنی و ئابووری کە لە سەردەمی باڵادەستی ئیمپراتۆریەتی بریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر کرابوو و ئەمریکا وردەوردە کۆنترۆڵی کردبوو, توشی ململانێ بکات, کەواتا هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران ئەم دەرفەتەی بە هێزە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت ئەمریکا بەخشی بە دەستێوەردان لەم جەنگە بەو شێوازەی کە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دابین دەکرد, هەر دوو لایەنی جەنگ کە لە گەورەترین بەرهەمهێنەر و هەناردەکارانی نەوتی جیهان بوون رووبەڕووی یەکتر بکەنەوە و بە

لاوازکردنی هەر دوو هێزە ناوچەیەکە هەم مەترسی ئەم دوو وڵاتە بۆ سەر وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم بکەنەوە و هەم ئاسایشی ئیسرائیل زۆرتر بپارێزن.(هوشی سادات, ٢٠١٦ : ٢٥٨).

قۆناغی پاشتر داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە بوو لە ٢ی ئۆگستی ١٩٩٠ کە وای لە سەرۆک بوشی باوک کرد پەنا بباتە بەر هێزی سەربازی بۆ دەرکردنی سەدام لە کوەیت . دەتوانین بڵێین ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ١٩٩١ تاوەکو ١٩٩٦ روخاندنی رژێمی سەددام بوو بەڵام لە رێگەی کۆدەتای سەربازی نە وەک بەکارهێنانی هێزی راستەوخۆ بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی لە چوارچێوەی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق INC)) رێکخستەوە بە تایبەت هێزە شیعییەکان ئەویش لە رێگەی پێدانی یارمەتی هەواڵگری و دارایی . لە پاش ساڵی ١٩٩٦ گۆرانکاری و نزیکبوونەوەیەک لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر هەرێمی کوردستان روو دەدات ئەوەش پەیوەندی بە پرسی گۆڕینی رژێمی سەددامەوە هەبوو بۆیە لە ساڵی ١٩٩٧ ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان چڕکردەوە لە بەر ئەوەی ببنە بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بۆ لەناوبردنی رژێمی بەعس و لە کۆتاییدا لە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٨ هەر دوو پارتەکە لە سەر دەستی "مادلین ئالبرایت" Madeleine Albright وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا ئاگربەستیان قبووڵ کرد کە بە رێکەوتننامەی واشنتن بەناوبانگە. لە ٣١ ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ کۆنگرێس بریاری پرۆسەی ئازاد کردنی عێراقی پەسەند کرد کە ئەمە توندترین هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر عێراق بوو بۆ گۆڕینی رژێمی بەعس لەم وڵاتە. لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژیە هەرێمی کوردستان رۆڵێکی باشی پێبەخشرا و بە شێوەیەک کە کورد پێشتر هەرگیز ئەو پێگەیە لە سیاسەتی ئەمریکا نەبووە. رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ پاساوی زیاتری دایە دەست ئیدارەی بۆشی کوڕ و کۆنسێرڤاتیڤەکان (Constructivist) بۆ پەلە کردن لە رووخانی رژێمی بەعس . ( رەسوڵ ئەحمەد, ٢٠٢٢ : ١٩٠ – ١٨٨).

لە ٢٠ی مارسی ٢٠٠٣ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە پاساوی ئەوەی کە رژێمی عێراق پاڵپشتی لە تیرۆریستەکان دەکات و خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژییە هێرشیان کردە سەر عێراق و لە ماوەی ٢١ رۆژ رژێمی بەعسیان رووخاند و بەم شێوەیە بازنەی گەمارۆدانی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە کامڵ کرا ؛ پێشتر ئەمریکا ئامادەیی و نفوزی لە کەنداوی عەرەبی / فارسی و ئاسیای ناوەندی دەستی پێکردبوو پاش ١١ی سیپتەمبەریش ئەفغانستانی داگیر کردبوو.(سلطانی نژاد, ٢٠٠٥ , ١١).

لە ئەمریکا هەندێک پلان و سیاسەت لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە لایەن سەنتەر و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی پێشکەش بە حکومەت دەکرێن . بۆ نموونە "دامەزراوەی برۆکینگز" Brookings Institution بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران چەند پلان و پێشنیاری خستە بەردەم دەوڵەتی باراک ئۆباما. یەکێک لەو پلانانە سێ بژاردە لە خۆ دەگرێت: بژاردەی یەکەم: گۆڕانی رژێم لە رێگەی شۆڕشی مەخمەلی یان رەنگی Velvet Revolution )), بژاردەی دووەم لە رێگەی پشتیوانی و پاڵپشتی لە گرووپە دژبەرەکان و کەمینە قەومی , نەژادی , زمانی و مەزهەبییەکان ئەنجام دەدرێت, بژاردەی سێیەمیش لە رێگەی کوودەتا و پاڵپشتی لە جووڵەو بزووتنەوەی سەربازی ئەنجام دەدرێت. شیکەرەوانی دامەزراوەی برۆکینگز باوەڕیان وایە ئەم بژاردەیە بۆ داڕشتنی شۆڕش لەو ناوچانەیە کە کەلێنی کۆمەڵایەتی , مەزهەبی, سیاسی و ئابووری تێیدا گەشەیان کردووە. بە ئاوڕدانەوە لە بوونی ئەمریکا لە عێراق و بە تایبەت هەرێمی کوردستان لایەنە نەیارەکانی ئێران لە ناوچە سنوریەکان وەکو پژاک, کۆمەڵە و حزبی دیموکراتی ئێران لەو لایەنە سەرەکیانە دەبن کە ئەمریکا لە رێگەی ئامادە کردن و پرچەک کردنیان دەتوانێت بۆ ئۆپەراسیۆن و پلانی سەربازی رێکیان بخات و ئاسایشی ناوخۆ و نەتەوەیی ئێران بخاتە مەترسییەوە. بەشێک لە پسپۆڕان و شیکەرەوانی ئەمریکایی لە بواری ئاسایشی ئێران پێیان وایە کە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران پێکهاتەیەکی فرەچەشنی سیاسی و ناسنامەیی و چەندین کەلێنی قەومی , زمانی و مەزهەبی لەم وڵاتە بوونیان هەیە و ئەمەش مەترسی و زیانی ئەمنی بۆ سەر ئێران درووست دەکات . ئامادەبوونی دەزگاکانی هەواڵگری و ئەمنی ئەمریکا لە سنورەکانی ئێران و بەهێزکردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بەشێکی دیکە دەبن لە کاریگەریەکانی بوونی ئەمریکا لە عێراق بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران .(قربانی شیخ نشین و قدیمی, ٢٠١٢ : ٧٨ – ٧٧).

گرنگترینی ئەو بابەتانەی کە ئێران لە سنورەکانی رۆژئاوا رووبەڕووی بووەتەوە بریتیە لە: چالاکی گروپەکانی دژ بە ئێران و نفوزیان بۆ سنوورەکانی ئێران, کاریگەریەکانی ناسەقامگیری هەرێمی کوردستان لە سەر ئێران و ئامادەبوون و نفوزی روو لە زیادی هێزەکانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا و تورکیا.( اسمعیل پور روشن, ٢٠١٨ : ٣٧٠ ). لە روانگەی ئێران دابەشبوونی عێراق هەڕەشەیەکی جیۆپۆلیتیکە کە کاریگەری لە سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران دەبێت.( اسدی, ٢٠١٥ : ١٤٩).

ئامادەبوونی ئەمریکا لە عێراقی دابەشکراو یەکێک لە گرنگترین هەڕەشەکان دەبێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ؛ بوونی ئەمریکا لە سنورەکانی ئێران بێجگە لە مەترسی و هەڕەشەی ئەمنی دەبێتە بەربەستێک لە بەرامبەر فراوان بوونی نفوزی کلتوری, ئابووری, سیاسی و ئەمنی ئێران لە ناوچەکە. هەر چەندە ویستی سەربەخۆیی کورد لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لە سەر سۆز و

بیری کورد لە پارچەکانی دیکە بە تایبەت ئێران داناوە و بووتە هۆی بەهێزبوونی ناسیونالیزم و هەستی نیشتمانیان بەڵام ئامادەبوونی ئەمریکا لە سنورەکانی ئێران هەڕەشەی جددیتر لە سەر ئاسایش و یەکپارچەیی ئێران لەم ناوچانە درووست دەکات.(قاسمی حیدری و دیگران, ٢٠٢٠ : ١٠٦). بێجگە لەم مەترسی و کاریگەریانە لە سەر ئاسایشی ناوخۆی نەتەوەیی ئێران , ئەمریکا بە پشتیوانی لە دابەشبوونی عێراق دەیەوێت بگات بەم ئامانجانە: یەکەم: سنوردارکردنی نفوزی روو لە زیادبوونی ئێران لە ناوچەکە, دووەم: دابین کردنی ئاسایشی ئیسرائیل, سێیەم: دروستکردنی گۆڕانکاری جیۆپۆلیتیکی لە ناوچەکە لە چوارچێوەی نەخشەی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" و "ڕۆژهەڵاتی نوێ".(رجبی, ٢٠١٩ : ٤٩).


**٦-٣. عەرەبستانی سعودی**

ئێران و سعودیا بە هۆی شوناس و ناسنامەی جیاوازی ئێرانی و عەرەبی نێوانیان لە لایەک و ڕەکابەرییەکانیان لە کەنداوی عەرەبی / فارسی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەکی دیکەوە هیچکات تێگەییشتنێکی ئەرێنی و هاوبەش لە نێوانیان درووست نەبووە . پێش ڕوودانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە سەردەمی موحەممەد ڕەزا پەهلەوی ئەم دوو وڵاتە لە ژێر کاریگەری یاساکانی جەنگی سارد ناچار بوون هاوکاری یەکتر بکەن بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران نە تەنها بووە هۆی بەردەوامبوونی کێبڕکێ جیۆپۆلیتیکیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەڵکو بە زیادبوونی بابەتی شیعە فاکتەری ئایدۆلۆژیاش هاتە سەر ڕکابەریەکانی نێوانیان . پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران , ئەمریکا هاوپەیمانێکی گرنگی لە ناوچەیەکی ستراتیژی لە دەستدا و سعودیا وردە وردە بوو بە جێگرەوەی ئێران و یەکێک لە هاوپەیمانە ستراتیژیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە . بە ئامادەبوون و نفوزی ئەمریکا لە سعودیا وەکو یەکێک لە وڵاتە نەیارەکانی ئێران , ڕۆژبەرۆژ دیواری بێ متمانەیی لە نێوان ئێران و سعودیا بەرزتر بوویەوە.(پور احمدی و دیگران, ٢٠٢١ : ١٠٦ – ١٠٥).

سعودیا لەو وڵاتانە بوو کە ڕازی بوو بە لەناوچوونی ڕژێمی سەددام, چونکە سەددام ڕکابەری سعودیای دەکرد لە بەدەستهێنانی ڕابەرایەتی جیهانی عەرەبی (جعفری ولدانی, ٢٠٠٩ : ٩٧).پاش داڕمانی سەددام بە هۆی پاڵپشتی ئێران لە شیعەکانی عێراق و پڕکردنەوەی بۆشایی هێز لەم وڵاتە , سعودیا هەوڵی داوە بە پشتیوانی لە لایەن و گروپە سوننەکانی عێراق نفوزی ئێران لە عێراق کەم بکاتەوە . بە مەبەستی گەییشتن بەم ئامانجە دەوڵەتی سعودیا پاڵپشتییەکی فراوانی لە گروپ و هۆزە سوننەکانی وەکو حزبی ئیسلامی, ئەنجومەنی زانایانی ئایینی موسوڵمان و هۆزی شەممەر , هتد کردووە.(اکبر زادە و دیگران, ٢٠١٨ : ٩٦ – ٩٥). و(مرادی کلاردە و دیگران, ٢٠١٧ : ٢١١). سعودیا بەم سیاسەتە توانای دەستێوەردان و کاریگەری لە سەر هاوکێشە و کاروباری عێراق بەدەستهێناوە و سەرکەوتوو بووە لەوەی کە گوشار لە سەر حکومەتی فیدراڵی درووست بکات بۆ ئەوەی بەشێک لە دەسەڵاتەکان ڕادەستی سوننەکان بکات.(ابراهیمی, ٢٠١٠ : ١٣٣).

هەر بە مەبەستی ڕێگریکردن لە باڵادەستی ئێران لە ناوچەکە و هەروەها درووستکردنی هاوسەنگی بەرامبەر هەژموونی و دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراقدا , سعودیا هەوڵی داوە لە عێراقی پاش سەددام ڕۆڵی لە هەرێمی کوردستان هەبێت و فاکتەری کورد وەکو کارتێک بۆ گوشار خستنە سەر ئێران و عێراق بەکار بهێنێت و لە ساڵی ٢٠١٦ قونسولخانەی خۆی بە فەرمی لە هەولێر کردەوە ودواتر سەرۆکی هەرێمی کوردستان "نێچیروان بارزانی" و "سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان "مەسرور بارزانی" لە ساڵانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ سەردانی سعودیا, ئیمارات و قەتەریان کرد و ئەم پەیوەندیانە لە لایەن کاربەدەستانی ئێران و عێراق ڕەخنە و هێرشیان کرایە سەر بە بیانووی ئەوەی سعودیا دەیەوێت بەرەیەکی سوننە لە عێراق درووست بکات دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران و عێراق. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر وڵاتانی کەنداو سەرپشک بکرێن لە نێوان عێراقێکی کۆنترۆڵکراو لە لایەن ئێران و جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی, ئەوکات ئەوان سەربەخۆیی هەرێم ودابەشبوونی عێراق هەڵدەبژێرن.(ڕەسوڵ ئەحمەد, ٢٠٢٢: ١٥٦ و ١٦٠).

لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق ئەو کات بە پێی ئەو بەرژەوەندیانەی سعودیا کە لە سەرەوە باس کران ئەم وڵاتە هەوڵ دەدات کە پەیوەندییەکانی لە گەڵ هەر دوو وڵاتی نوێی عەرەبی سوننە و کوردستانی سەربەخۆ پەرە پێبدات و بە ئامادەبوونی لە سنورەکانی ڕۆژئاوای ئێران ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و گرنگ لە دژی ئاسایشی ناوخۆ و نەتەوەیی ئێران . بە وتەیەکی دیکە ببێتە پشتیوانێکی بەهێزی سیاسی, ئابووری و سەربازی بۆ پارت و لایەنە قەومی و مەزهەبییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و ناوخۆی ئێران. هەروەها دابەشبوونی وڵاتی عێراق وەکو هاوپەیمانێکی نزیک لە ئێران لە ئاستی هەرێمی زەبر و لێدانێکی بەهێز دەبێت لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە لایەک و بەهێزبوونی ڕۆڵی سعودیا لە ناوچەکە لە لایەکی دیکەوە کە ئەمانەش لەکۆتاییدا مەترسی و هەڕەشەن لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.




خشتەی ژمارە ( 2) : کاریگەریەکانی دابەش بوونی سیاسی دەوڵەتی عێراق لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران

(سەرچاوە: توێژەر)

**دەرەنجام**

لەم توێژینەوەیە گەییشتینە ئەم دەرەنجامە لە چوارچێوەی میتۆدی سیناریۆسازی لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق، ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە. لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق، سیناریۆکان بۆ داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بریتین لە : سیناریۆی یەکەم: درووست بوونی مەترسی لە سەر یەکپارچەیی خاکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن عەرەب و کوردی ئێران. بەم مانایە کە جیابوونەوەی بەشێک لە خاکی ئێران لەم وڵاتە یەکێک لەو مەترسیانە دەبێت کە بە هۆی دابەشبوونی عێراق لە سەر ئێران درووست دەبێت، چونکە بە هۆی پێشینەی مێژوویی ئەم لایەنانە دژی حکومەتی ناوەندی، هەروەها گرنگی نەدان بە عەرەب و کورد و رەچاونەکردنی مافەکانیان لە رووی سیاسی، ئابووری و کلتوری لە لایەن حکومەتی ناوەندی و دواتریش هاوسنووری و کلتوری هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەب لە هەر دوو وڵات و کاریگەری گۆڕانکاریەکانی عێراق لە سەر ئێران ئەگەری رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ حکومەتی ناوەندی یان داواکاری بۆ جیابوونەوەی ئەم لایەنانە بۆ سەر وڵاتانی تازە درووست بوو لە عێراق زیاد دەکات. سیناریۆی دووەم: درووستبوونی وڵاتێکی سوننەی عەرەبی لە جوگرافیای عێراق: بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە کە پەیوەندیەکانی ئێران و عێراق تا ساڵی ٢٠٠٣ بە بەردەوامی پەیوەندیەکی پڕ لە ململانێی و ئاڵۆزی بووە دەتوانین ئەم سیناریۆیە بخەینە روو کە دابەشبوونی عێراق و درووستبوونی وڵاتێکی عەرەبی سوننە کاریگەری لە سەر ئاسایشی ناوخۆیی و نەتەوەیی ئێران درووست دەکات، ئەوەش لە رێگەی درووستکردنی کاریگەری لە سەر پێگەی هەرێمی ئێران لە رێگەی درووستبوونی رژیمێکی سیاسی هاوشێوەی رژیمی بەعس هەروەها ئەگەری نزیکبوونەوەی ئەم وڵاتە لە سعودیا بە هۆکاری مەزهەبی، ئابووری و ژئوپۆلەتیکی. هەروەها لە رێگەی پشتیوانی و پاڵپشتی لە کەمینە قەومی و مەزهەبییەکانی ئێران و درووستبوونی ئاڵۆزی و گرژی فیرقەیی، قەومی و مەزهەبی لە پارێزگا سوننە نشینەکانی رۆژئاوا، باشوور و باشووری رۆژئاوای ئێران کە دەرەنجامی ئەمە بەهێزبوونی ویستی جیاخوازی و سەربەخۆیی عەرەبە سوننەکانی ئێرانی لە ناوچە سنووریەکانی لێ دەکەوێتەوە و کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و ناوخۆیی ئێران درووست دەکات. سیناریۆی سێیەم: ئامادەبوونی وڵاتانی نەیاری ئێران لە ناوچەکە و سنورەکانی ئێرانە کە باس لە وڵاتانی ئیسرائیل، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیا کرا.

سەبارەت بە ئیسرائیل دابەشبوونی عێراق دەبێتە هۆی فراوان بوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل و لەوانەیە کوردستان ببێتە یەکێک لە بنکەکانی ئیسرائیل دژ بە ئێران، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبوونی جیۆپۆلیتیکی شیعە لە ناوچەکە و لە بەرامبەردا بەهێزبوونی ئیسرائیل لە ناوچەکە و خاڵێکی دیکەش بە درووستبوونی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان کوردستان و ئیسرائیل هەم رەوایی و مەشروعیەتی ئیسرائیل زیاد دەبێت و هەم هەوڵەکانی ئێران بۆ بەناڕەوا ونامەشروع ناساندنی ئیسرائیل لاواز دەبێت.

ئامادەبوونی ئەمریکا لە عێراقی دابەشکراو یەکێک لە گرنگترین هەڕەشەکان دەبێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران؛ بوونی ئەمریکا لە سنورەکانی ئێران بێجگە لە مەترسی و هەڕەشەی ئەمنی و پاڵپشتی ئەم وڵاتە لە لایەنە ناڕازییە ناوخۆییەکانی ئێران دەبێتە بەربەستێک لە بەرامبەر فراوان بوونی نفوزی کلتوری، ئابووری، سیاسی و ئەمنی ئێران لە ناوچەکە و دابین کردنی ئاسایشی ئیسرائیل و بەهێزبوونی ئیسرائیل لە بەرامبەر ئێران.

سعودیاش دەتوانێت ببێتە پشتیوانێکی بەهێزی سیاسی، ئابووری و سەربازی بۆ پارت و لایەنە قەومی و مەزهەبییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوخۆی ئێران و ناوچەکە و دابەشبوونی وڵاتی عێراق وەکو هاوپەیمانێکی نزیک لە ئێران لە ئاستی هەرێمی زەبر و لێدانێکی بەهێز دەبێت لە پێگە و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە لایەک و بەهێزبوونی رۆڵی سعودیا لە ناوچەکە لە لایەکی دیکەوە کە ئەمانەش لەکۆتاییدا مەترسی و هەڕەشەن لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ فارسی:

### أ/ کتێب:


-احمدی، حمید (2014)، قومیت و قوم گرایی در ایران، افسانه و واقعیت، تهران: نی، 1393.

-اعلمی فریمان، هادی (2004)، ملت سازی، آینده عراق و سیاست خارجی ایالات متحده، کتاب آمریکا 2(ویژه سیاست های امنیتی ایالات متحده در عراق)، تهران: مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، 1382.

-بابایی فرد، اسدالله (2013)، بحران هویت در جامعه معاصر ایران، رویکردی تاریخی و تجربی، تهران: چاپخش، 1392.

-جعفری ولدانی، اصغر (١٩٩٧)، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، تهران: مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، 1376.

-جعفری ولدانی، اصغر (1998)، کانون های بحران در خلیج فارس، تهران: کیهان، 1377.

-جعفری ولدانی، اصغر (2009)، چالش ها و منازعات در خاورمیانه، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی، 1388.

-حق پناه، جعفر (2008)، کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، تهران: انتشارات مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، مهر 1387.

-داینر، الکساندر و هاگین، جاشوا (2015)، خطوط مرزی و سرزمین های مرزی: غرابت های سیاسی در حاسیه دولت ـ ملت، ترجمه علی امیری و افشین کرمی، خرم آباد: دانشگاه لرستان، 1394.

-سلطانی نژاد، احمد (2005)، بررسی تاثیر جنگ عراق بر همسایگان این کشور با تاکید بر سوریه، کتاب عراق پس از سقوط بغداد، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه، 1384.

-ملا عمر عیسی، صالح (2001)، بحران آفرینی ابرقدرتها در کردستان عراق، تهران: توکلی، 1380.

-هوشی سادات، سید محمد (2016)، تاریخ سیاسی ـ اجتماعی خاورمیانه: از عصر قدیم تا پسا عصر جدید، تهران: دانشگاه تهران، 1394.


### ب/ گۆڤار:


-ابراهیمی، نبی ا... (2010)، چشم انداز روابط کشورهای عرب با عراق جدید، فصلنامه مطالعات راهبردی، دوره 13، شماره 47، خرداد 1389.

-اخوان کاظمی، مسعود و رستمی، فرزاد و شاهملکی، حامد (2018)، تحلیل رابطه اسرائیل و کردستان عراق و پیامدهای امنیتی آن برای جمهوری اسلامی ایران، جستارهای سیاسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال هشتم، شماره چهارم، زمستان 1396.

-اسدی، علی اکبر (2015)، ایران و آمریکا در عراق: تنوع کنش ها، فصلنامه روابط خارجی، سال ششم، شماره چهارم، زمستان 1393.

-اسدی، علی اکبر (2016)، آینده وحدت سرزمینی عراق، قسمت اول: نقش بازیگران شیعی، ماهنامه نامه آینده پژوهی، شماره 37، مهر 1395.

-اسدی، علی اکبر (2016)، آینده وحدت سرزمینی عراق، قسمت دوم: تاثیر پیشران های شیعی، ماهنامه نامه آینده پژوهی، شماره 38، آبان 1395.

-اسدی، علی اکبر (2016)، آینده وحدت سرزمینی عراق، قسمت سوم: نقش بازیگران کردی، ماهنامه نامه آینده پژوهی، شماره 39، آبان 1395.

-اسدی، علی اکبر و راستگو، محمد زمان (2019)، آینده نظام سیاسی عراق: پیشران ها و سناریوهای پیش رو، فصلنامه علمی مطالعات سیاسی جهان اسلام، سال هشتم، شماره 2، پیاپی 30، تابستان 1398.

-اسلامی، مسعود و کوهی، ابراهیم و راستگو، محمد زمان، (2014)، چالش های تجزیه عراق: منافع آمریکا و کشورهای همسایه (ایران، ترکیه و عربستان)، فصلنامه مطالعات سیاسی جهان اسلام، سال سوم، شماره 10، تابستان 1393.

-اسمعیل پور روشن، علی اصغر (2018)، ژئواستراتژی کردستان عراق: بررسی استراتژی های ایالات متحده و ایران، جغرافیا(فصلنامه علمی ـ پژوهشی و بین المللی انجمن جغرافیای ایران)،دوره جدید، سال پانزدهم، شماره 55، زمستان 1396.

-اکبر زاده، فریدون و جلال پور، شیوا و جعفری، ابوطالب (2018)، روابط خارجی ایران و عربستان در سال های 1384 تا 1392 با تاکید بر تحولات عراق، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال چهاردهم، شماره چهل و دوم، بهار 1397.

-امیری مقدم، رضا و دهقان، نبی ا... و چاووشی، ناصر (2018)، سناریوهای آینده اعراب اهل سنت عراق، فصلنامه علمی مطالعات بین رشته ای و دانش راهبردی، سال نهم، شماره 36، پاییز 1398.

-آهنی، منا و موسی خانی، مرتضی و افشار کاظمی، محمد علی (2018)، آینده پژوهی حکومت خوب در ایران: با رویکرد سناریونویسی، فصلنامه علوم مدیریت ایران، سال سیزدهم، شماره 51، پاییز 1397.

-باقری، حسین (2013)، بازیگران داخلی در ساختار سیاسی عراق نوین و تاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه علمی ـ پژوهشی، آفاق امنیت/ سال پنجم/ شماره نوزدهم، تابستان 1392.

-بوداقی، جمال و خلیلی، محسن و حیدری، اکبر (٢٠٢١)، روند پژوهی تاریخی و آینده فدرالیسم عراق،فصلنامه ژئوپلتیک، سال هفدهم، شماره اول، بهار ١٤٠٠.

-پور احمدی، حسین و قیاسی، صابر و قایمی، یاسر (2021)، واکاوی قدرت نفوذ عربستان سعودی در منطقه و جهان اسلام و راهبرد مقابله با ایران، فصلنامه علمی رهیافت های سیاسی و بین المللی، دوره 12، شماره3 (پیاپی 65)، بهار 1400.

-جاویدی، رقیه و بهروزی لک، غلامرضا (2017)، سناریوهای دهه آینده روابط ایران و عربستان، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی دانشگاه آزاد اسلامی، واحد شهرضا، شماره سی و دو، پاییز1396.

-جعفری ولدانی، اصغر (2011)، تحریف هویت ایرانی خوزستان، فصلنامه مطالعات ملی، 47، سال دوازدهم، شماره 3، 1390.

-حاجیانی، ابراهیم و قصاع، محمود (٢٠١٣)، آینده و سناریونگاری، طبقه‌بندی روش ها و دسته‌بندی سناریوها، فصلنامه راهبرد اجتماعی فرهنگی، سال دوم، شماره هشتم، پاییز ١٣٩٢.

-حافظ نیا, محمد رضا (2006), تاثیر خودگردانی کردهای شمال عراق بر کشورهای همسایه, تحقیقات جغرافیایی, دوره 21, شماره 4, پیاپی 83, 1385.
-حسن عالی, لیلی (2016), بررسی مبانی آینده پژوهی به مثابه دانش کاربردی, کنفرانس بین المللی مهندسی و علوم کاربردی, امارات, دبی, اسفند 1394.
-خسروی, ماک تاج و خسبانی یزدانی, احسان (2019), آینده عراق و سناریوهای مربوط به آن (2020 – 2010), فصلنامه مطالعات روابط بین الملل, سال دوازدهم, شماره 46, تابستان 1398.
-راستگو, محمد زمان (2019), عراق منسجم و امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران, سیاست کاربردی, پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی, دو فصلنامه علمی – تخصصی, سال اول, شماره دوم, پاییز و زمستان 1397.
-رجبی, محمد (2019), جایگاه اقلیم کردستان عراق در سیاست های منطقه ای ایالات متحده آمریکا در غرب آسیا, فصلنامه پژوهش های سیاسی جهان اسلام, سال نهم, شماره دوم,تابستان 1398.
-زالی, نادر (2012), آینده نگاری راهبردی و سیاستگذاری منطقه ای با رویکرد سناریونویسی, فصلنامه مطالعات راهبردی, سال چهاردهم, شماره چهارم, زمستان 1390.
-سهرابی, محمد و اشرفی, امراله و کریمی, مرتضی (2016), کالبد شکافی احزاب و گروه های سیاسی عراق و تاثیر آنها بر روابط ایران و عراق, فصلنامه مطالعات روابط بین الملل, سال نهم, شماره 34, تابستان 1395.
-صادقی, سید شمس الدین و احمدیان, قدرت و مؤمن صفایی, علیرضا (2019), تاثیر تحولات سیاسی و ژئوپلتیک کردستان عراق بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران و نقش تاثیر گذار آمریکا و اسرائیل در آن (بر اساس مکتب کپنهاگ و مجموعه امنیتی منطقه ای), مجله سیاست و روابط بین الملل, دوره 3, شماره 6, پاییز و زمستان 1398,
-علویان, مرتضی و تبار سوته, محمد سلمان (2020), ملاحظات امنیتی ایران در قبال استقلال اقلیم کردستان عراق, دو فصلنامه سیاست و روابط بین الملل, دوره 4, شماره 7, بهار و تابستان 1399.
-علی پور, عباس و حیدری, جهانگیر و حاجیلو, محمد حسین (2017), ایران و عراق نوین از منظر استراتژی ژئوپلتیک (فرصت ها و چالش ها), فصلنامه مطالعات سیاسی جهان اسلام(علمی ـ پژوهشی), سال ششم, شماره 22, تابستان 1396.
-عمادی, سینا و سیمبر, رضا و جانسیز, احمد (2021), انگاره های مؤثر در شکل گیری رفتار سیاست خارجی ایران نسبت به حکومت منطقه اقلیم کردستان عراق (2019 –2003), فصلنامه تحقیقات سیاسی و بین المللی چانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا, شماره 46, بهار 1400.
-عیوضی, محمد رحیم (2016), آینده پژوهی سیاسی, فصلنامه راهبرد, سال بیست و پنجم, شماره 79, تابستان 1395.
-فیضی, کیومرث و عادلفر, باقر علی و پور محمدی املشی, نصرا... و رحیمی, عبدالرفیع (2021), رویکرد دولت موقت به مساله کردستان؛ عوامل تشدید و تداوم بحران, پژوهشنامه علوم سیاسی, سال شانزدهم, شماره سوم, تابستان ۱۴۰۰.
- قاسمی حیدری, مصطفی و اژدری, بهناز و معصومی, مجید (2021), اثرات استقلال خواهی اقلیم کردستان عراق بر انسجام ملی مناطق کردنشین ایران, فصلنامه مطالعات بین المللی, سال 18, شماره 1 (69), تابستان 1400.
-قاسمی حیدری، مصطفی و اژدری, بهناز و معصومی, مجید (2020), استقلال خواهی کردها و راهبرد اسرائیل و آمریکا در تضعیف تمامیت ارضی ایران, فصلنامه مطالعات بین المللی, سال 17, شماره 1 (65), تابستان 1399.
-قربانی شیخ نشین, ارسلان و قدیمی, اکرم (2012), بررسی راهبرد سیاست خارجی آمریکا در کردستان عراق و امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران, راهبرد, تحقیقات استراتژیک, بهار 1391.
-کیانی, جواد و امیری, سروش و علیخانی, مهدی (2010), پیامدهای تغییر ژئوپلتیکی اقلیم کردستان عراق در امنیت مرزهای غربی, پژوهش نامه مطالعات مرزی, سال هفتم, شماره 3, پاییز 1389.
-گواهی, عبدالرحیم (2017), آینده نگری در آینده پژوهی: تحلیل علی لایه ای چالش های آینده پژوهی در ایران, فصلنامه آینده پژوهی مدیریت, سال بیست و هشتم, شماره 109, تابستان 1396.
-متقی, ابراهیم و سلطانی, اسماعیل (2013), سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران نسبت به عراق و تاثیر آن بر جایگاه منطقه ای ایران, فصلنامه دانش سیاسی و بین الملل, سال دوم, شماره پنجم, بهار 1392.
-محروق, فاطمه و عباسی خوشکار, امیر (2015), آینده پژوهی, سناریونویسی و بایسته های درک پیچیدگی محیط بین الملل در پژوهش های روابط بین الملل, سومین همایش ملی آینده پژوهی, تهران, بهمن 1393.
-محمدی, حمید رضا و خالدی, حسین و سلیم نژاد, ندیمه (2010), خودگردانی شمال عراق و تاثیرات آن بر حرکت های قوم گرایانه پیرامونی, فصلنامه ژئوپلتیک سال ششم, شماره اول, بهار 1389.
-مرادی کلارده, سجاد و روحی دهبنه, مجید و سیمبر, رضا (2017), انگاره های هویتی و تبیین سیاست خارجی عربستان در قبال عراق, فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست, سال ششم, شماره 21, تابستان 1396.
-منتظران, جاوید و قربانی, سعید (2017), آینده پژوهی امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران در بستر تحولات ژئوپلتیکی, تمامیت ارضی و بحران های داخلی عراق, مجله ی سیاست دفاعی, سال بیست و پنجم, شماره 97, زمستان 1395.
-منتظران, جاوید و قربانی, سعید (2017),سناریوهای پیش روی آینده عراق و تحلیل دورنمای حقوقی, بین المللی و امنیتی جمهوری اسلامی ایران, فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی, دوره 7, شماره 24, پایی. 1396.
-نصری, قدیر و رضایی, داود (2020), مهم ترین تهدیدات فراروی جمهوری اسلامی ایران در اقلیم کردستان عراق, فصلنامه علمی مطالعات بین رشته ای دانش راهبردی, شماره 37, زمستان 1398.
-یاورزاده, محمد رضا و آذری یکتا, فرزانه (2015), سناریونگاری روشی برای پشتیبانی از برنامه ریزی استراتژیک در شرایط عدم قطعیت, سومین همایش ملی آینده پژوهی بهمن 1393.

**دووەم/ کوردی:**

**کتێب:**

-رەسوڵ ئەحمەد, زوبێر (٢٠٢٢), هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی چ جۆرە پەیوەندییەک؟, بێ شوێنی بڵاوکردنەوە: رۆکسانا.
-عبدالله هێتوتی, نەوزاد (٢٠٢٣)، پرسی کورد لە ناو سیاسەتی ناجێگیری ئیدارەی ترەمپدا، دهۆک: هاوار.
-عوسمان, ئازاد (2013), ناوچە دابڕێندراو و کێشە لەسەرەکان هەولێر: خانەی ئەربیل بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

**أثر الانقسام السياسي للدولة العراقية على الأمن القومي الداخلي للجمهورية الإسلامية الإيرانية (دراسة تحليلية من منظور نظرية صنع السناريو)**

**جليل عباس نادر**
قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية،
جامعة صلاح الدين- اربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق
jalil.nader@su.edu.krd

**الملخص**
إن مناقشة القضايا الأمنية والعوامل المؤثرة على الأمن القومي للدولو قد اجتذبت اهتمام صانعي القرار والاستراتيجيين في أي نظام سياسي لأن الأمن القومي هو الشرط الأول والأهم لحماية أي بلد وبقاءه وتنميته، ومن الواضح أن التهديدات القومية و العنصرية والمذهبية إلخ. سسواء في الداخل والخارج يمكن أن تعرض الأمن القومي في البلاد للخطر.
منذ تأسيسه وحتى عام ٢٠٢٣، كان العراق أحد أكثر الدول صراعا في الشرق الأوسط. ومن بين دول المنطقة، ان العراق لديه اكثر قدر من التشابه السياسي والديني والعرقي والطاقة والجغرافي مع ايران، لذا فإن أي تغيير في النظام السياسي ووحدة أراضي العراق له أهمية خاصة بالنسبة للايران. لأنه يؤثر بشكل مباشر على الأمن القومي في ايران. وفي العراق ما بعد عام ٢٠٠٣، من ناحية، تزايدت الفجوات الداخلية والصراعات السياسية والأمنية وتأثير الجهات الأجنبية على العراق، ومن ناحية أخرى، اجراء استفتاء عام ٢٠١٧ في إقليم كردستان، ان خلق حالة واجهت المستقبل السياسي ووحدة أراضي العراقية أمام الاستفهام والتشكيك. وبسبب هذا الوضع التي اشرنا اليه. فإن غرض هذ البحث عرض التأثيرات تقسيم العراق على الأمن القومي الداخلي في ايران، في اطار المنهج الاستشرافي وأسلوب صنع السيناريو.

**الكلمات المفتاحية**: الاستشرافية، صنع السيناريو، تقسيم العراق، الأمن القومي الداخلي لإيران.

**The Impact of Iraqi State's Political Division on Islamic Republic of Iran's Internal National Security (An Analytical Research from Scenario Planning Perspective)**

**Jalil Abbas Nader**
Department of Political System and
Public Policy, College of Political
Sciences, Salahaddin University – Erbil,
Erbil, Kurdistan, Iraq.
jalil.nader@su.edu.krd

**Abstract**
Explaining and analyzing the security issues and in particular the factors that have impact on the national security of the states constitutes one of the central points of research and focus for the states and political actors. This is due to the fact that national security is vital and key for security, survival and development of all nations and states. Meanwhile, it is evident that ethnic, racial, and sectarian conflicts can seriously endanger the national security and survival of states both domestically and externally.
Since its establishment up until 2023, Iraq is among the countries that has faced numerous domestic and regional conflicts in the region it is located. In this regards it can be said that Iraq has similar characteristic with Iran in terms of ethnic, sectarian, energy and geography traits. Therefore, it could be said that any political, security development, change of political system or even partition of Iraq would directly affect the position of Iran and its national security interests. It is clear that following regime change in Iraq in 2003, sectarian conflicts among Iraqi factions have intensified and the influence of regional and international actors on this country have significantly increased. In this regard, Iraq has become the battlefield of rival regional and international actors and specifically Iran and the U.S.A.
In addition to the post-2003 sectarian conflicts and foreign interventions, the Kurdistan independence referendum in September 2017 has also further complicated the situation in Iraq, which makes the future of Iraq as a country uncertain and unpredictable. Hence, this study within the context of the method of futures studies and scenario planning attempts to explore the impacts of possible disintegration or partition of Iraq over the demotic and national security of Iran.

**Key words:** futures studies, scenario planning, The division of Iraq, Iran's internal National security